# هارۆڵد پینتەر
# ژیان و شانۆ

**گەشتێکی کورت بە ناو ژیان و**

**بەرهەمەکانی هارۆڵد پینتەردا**

**دانا ڕەووف**

٢٠٠٩

خاوەنی ئیمتیاز
**ئەحمەد سالار**

سەرنووسەر
**ئەرسەلان دەروێش**

کتێبی شانۆ 15

بەخۆڕایی
لەگەڵ
شانۆ
دا



**دانا رەووف**

# رایەڵەی نێوان شانۆی بیانیو شانۆی کوردی

♦ ناوی کتێب: هارۆلد پینتەر ... ژیان و شانۆ
♦ نووسینی: دانا رەئوف
♦ بابەت: لێکۆڵینەوە
♦ دیزاینو بەرگ: رێبوار ئەورەحمان
♦ چاپی: یەکەم
♦ چاپخانەی: کارۆ
♦ تیراژ: ١٠٠٠ دانە
♦ ژمارەی سپاردن: ١٨٤٩ ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارەی سپاردن لە سوێد:
ISBN 978- 91- 633- 5068-9

پێشەکی.................................................................. 7
چرپەیەک.................................................................. 10
بەشی یەکەم: سەرەتایەکی کورت............................................. 13
بەریتانیا، جۆن ئۆزبۆرن و هارۆڵد پینتەر....................................... 16
پەراوێزەکانی بەشی یەکەم................................................... 21
بەشی دووەم: هارۆڵد پینتەر.................................................... 22
بیۆگرافیا.................................................................... 23
پەراوێزەکانی بەشی دووەم.................................................... 30
بەشی سێیەم: مۆرک و سیماکانی شانۆی هارۆڵد پینتەر........................... 31
گەڕانەوە بۆ نیشتمان.......................................................... 38
گەمەی دەسەڵات.............................................................. 41
خۆڵەمێش..................................................................... 42
پەراوێزەکانی بەشی سێیەم..................................................... 45
بەشی چوارەم: سیاسەت لە شانۆی هارۆڵد پینتەردا................................ 46
لە چاوەڕوانی وێلسوندا........................................................ 50
زمانی چیا.................................................................... 54
پەراوێزەکانی بەشی چوارەم.................................................... 56
بەشی پێنجەم: زمان لە شانۆی هارۆڵد پینتەردا.................................. 57
تەکنیکی بێدەنگی............................................................ 61
سەرابیدار لەنێوان بێدەنگی و گەمەی دەسەڵاتدا.................................. 66
کەسایەتییەکان................................................................ 68
هێزی دیالۆگەکان.............................................................. 69
تەکنیکی شانۆنامەکە.......................................................... 73
پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم.................................................... 75
تێبینی........................................................................ 78
ئەلبومی وێنە.................................................................. 79

# پێشەکی

ئەم کتێبە نوێیەی ریژیسۆر و نووسەری لێوەشاوەی کورد (دانا رەووف)، والاّکردنی پەنجەرەیەکی روناکی ترە سەبارەت بە رەوتە نوێگەر و هاوچەرخەکانی شانۆی جیهانی لەمیانەی ژیان وشانۆکەی یەکێک لە هەرە جەمسەرە پرشنگدارەکانی شانۆی سەدی بیستەم ، ئەوەیش (هارۆڵد پینتەر ١٩٣٠-٢٠٠٨) ە.

پینتەر خاوەنی دەیان هەڵوێستی سیاسی دژ بە شەڕ و ئەشکەنجەدانە و لایەنگری مافەکانی مرۆڤ و مافی ئازادی گەلانە و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە. خاوەنی بیست و نۆ شانۆنامەیەکە لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی بوونگەرایدا لەمیانەی فۆرمی شانۆی ئەبسۆردەوە، میحنەتی مرۆڤی لەهەمبەر جەنگ و ستەمکاریی تیایدا وێناکردووە ،ئەرستۆی شانۆی پووچگەرایی رەخنەگریی بەناوبانگ (مارتین ئەسلین) پینتەر بە نووسەرێکی گرنگی (شانۆی ئەبسۆرد) پۆلێن دەکات ، ئەو تەوژمە هونەرییەی کەلەبەرەنجامی هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراوداو، لەئاکامی شۆکبوونی مرۆڤایەتی بەرانبەر بە وێرانکارییەکانی جەنگی جیهانی دوەم و دەر کەوتنی نازیەت و باڵادەستی ئامێر لەچاخی پیشەسازیدا هاتە ئاراوە ،هەر بۆیە شانۆییەکانی بینتەر بەو ئەتمۆسفێرە تەمومژاوییە تایبەتەی خۆیەوە جوانترین بەرجەستەیە بۆ داماڵینی ئینسان لە ئینسانیەتی خۆی و نامۆبوونی لەنێو کۆمەڵگایەکی مرۆیی لێکترازاوداوەک لەشانۆییەکانی (پاسەوان، حەرامەخاک، ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون ،رۆژە بەسەرچووەکان،زمانی چیا،ژوور،شاگردە لاڵەکە ،سووکە ژان،گەڕانەوە بۆ نیشتمان،وڵاتی بێخاوەن،خیانەت،....هەتد) بەدیارکەوتووە. ئەگەر لەبونیادی درامیی شانۆییەکانی ئەم نووسەرە وردببینەوە ،چەند مۆرکێکی تایبەتمەند بەدی ئەکەین : پینتەر کارەکتەری زۆر ناهاوێتە نێو تێکستەکانییەوەوەک چۆن رەگەزی (مێ) لە زۆێک لە شانۆییەکانیدا بێبەرییە گەرچی دیالۆگەکان یادەوەرییان سەبارەت بە ئافرەت تێدایە ، بۆ نموونە وەک لەشانۆیی

(پاســـەوان)دا رووددات هەروەها شوێنی رووداوەکان خەســـڵەتێکی تری شانۆییەکانی ئەم نووسەرە بەرجەستە دەکات ،کە زۆربەی جار لە پانتاییەکی داخراوی ناوخۆییدا بەرێوەدەچێت (ژووری میوان ،ژووری دانیشتن، ژێرزەمین ، چێشتخانە ...هەتد) هەر بەم بۆنەیەشەوە ناوی (شانۆی ژوور) لە رێرەوە هونەریەکەی نراوە .

پێدەچێـــت ئەم پانتاییـــە لەلای پینتەر ئاماژەبێت بۆ شـــوێنی ئارام و پارێزراو لەئاســـت مەترســـییە تۆقێنەرەکانی جیهاندا وەلێ ئـــەم ئارامییە بەرقەرانابێت وخۆپاراســـتنەکەش کاتی و بەســـەرچووە لە بەردەم گەردەلوولی ئەو چارەنووســـەی کە دەرگا و پەنجەرەکانی ژوورەکە لە بنوبێخەوە هەڵدەکێشـــێت و شوێنەکەش بەسەر ســـاحێبەکانیدا وێران دەکات. نەخاســـمە کە فەلســـفەی پینتەر گوتارەکەی باس لەجیهانێک دەکات تیایدا مرۆڤ بەســـەر رۆخی خەرەندیکەوە رێدەکات یەکجار قوڵ ونشێوە و لەنێو ترس و دڵەڕاوکێدا ئابڵوقەدراوەو کە دەربازبوونی بۆ نییە! لەرەوشێکی واشدا پێویست ناکات مرۆڤ خۆی بە بانگەشەکردن بۆ ریفۆرم و چاکســـازیی کۆمەڵایەتی وپەروەردەیی وشتی لەوجۆرە سەرقاڵ بکات،کە جیهان لە بەردەم چارەنووســـێکی حەتمی وتۆقێنەردابێت ، ئیدی هەندێک لە کۆمێدیای رەش زەرەری نابێت ،تاکو وەختی ئەو چارەنووسە دێت.

دیالۆگ لەلای پینتەر ساکار وسادەیە و ئاستەکانی ئاخافتنی چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکانی تیادا رەچاوکراوە .بەڵام بەگشتی میکانزمی دووبارەکردنەوەو پچڕپچڕی و شڵەژان وبێتوانایی لە ئاست دروستکردنی واتا وتەمومژ ونائاسایی ئاڵوگۆڕکردنی بەسەردا زاڵە. بەهەمان شێوە بونیادی درامی شانۆییەکانی پینتەر نائاسایی و نوێیە واتا بەشێوەیەکی هەرەمی و لۆژیکدار نییە ، چونکە ئەو خۆی کەســـێکە لۆژیکێکی دروســـت وسەقامگیر لە ژیاندا نابینێت بەڵکو ناڕێک وسەرلێشێواو شپرزەیی بەدیکردووە .

ماوەتەوە بڵێم نرخی هەر کتێبێک تەنها بە قەبارەکەی نییە بەڵکو دانسقەیی ناوەرۆک وسەلیقە وتوانستی نووسەرەکەی بەهای راستەقینەی پێدەبەخشێت ، هەڵبژاردنی هاوکارمان کاک (دانا رەووف) بـــۆ ژیان و بەرهەمەکانی هارۆڵدپینتەرولێکۆڵینەوە ســـەبارەت بە لایەنەگرنگەکانی شـــانۆکەی ئەم نووسەرە لە میانەی چەردەیەک لە شانۆنامەکانییەوە ،کەلێنێکی دیاری نێو کتێبخانەی شانۆیی کوردیمان پڕدەکاتەوە وبەردەوامیش دەدات بە هەوڵەکانی پێشووی کاک (دانا)بۆ ناســـاندنی رەوتە نوێگەرەکانی شانۆی جیهانی بە شـــانۆکارانی کورد وکتێبخانەی کوردی .بۆیە گۆڤاری (شـــانۆ ) وێڕای شانازیکردن بەچاپکردنی ئەم کتێبە،بەڵێنیش دەدات لە ســـاڵی ئایندەدایەکێک لە کتێبە بەنرخەکانی ئەم شانۆکارە هەڵکەوتووەمان کە سەبارەت بە (شانۆی سوێدی)یە دووبارە چاپ بکاتەوە وبیخاتەوە بەردەست ئێوەی نازدار.

**ئەرسەلان دەروێش**

**سلێمانی ١٥|١٠|٢٠٠٩**

**هیچ شتێک توندوتیژ نییە**
**هەموو شتێک توندوتیژە.**
**هیچ شتێک کۆمیدی نییە.**
**هەموو شتێک تراژیدییە.**
**هیچ شتێک تراژیدی نییە.**
**هەموو شتێک کۆمیدییە.**
**هەموو شتێک ڕاستەقینەیە، ڕاستەقینە نییە،**
**شیاوە، نەشیاوە، مایەی تێگەیشتنە، مایەی تێگەیشتن نییە**
**هەموو شتێک گرانە.**
**هەموو شتێک ئاسانە.**

**یۆجێن یۆنسکۆ**

# چرپەیەک

هەموو جارێ کە سەرلەنوێ شانۆنامەکانی نووسەری ئینگلیزی هارۆڵد پینتەر دەخوێنمەوە، شتێکی نوێی تیا ئەدۆزمەوە کە لەوەوبەر درکم پێنەکردبوو، نهێنییەکی ترم بۆ ئاشکرا دەبێت و زیاتر لە گەمەی دەسەڵات و هەڕەشە نادیارەکانی دەگەم.

هارۆڵد پینتەری شانۆنامەنووس کە لە ساڵی 2005 دا خەڵاتی نۆبڵی بە شانۆنامەکانی وەرگرتووە، بەم وتانە ڕوویکردە بینەرەکانی ( هیچ جیاوازییەکی بەهێز لەنێوان ڕاستی و ئەوەی کە ناڕاستییە نییە، هەروەها لەنێوان واقیع و ناواقیعدا، هیچ شتێک نییە کە یەکێکیان ڕاستی و ئەویتریان درۆ بێت، دەکرێت هەردووکیان ڕاست و لەهەمانکاتدا درۆش بن.) ئەم وتانەش بنەمایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر.

ئەم شانۆنامەنووسە دەیان کتێبی لەسەر نووسراوە، شانۆنامەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زوربەی زمانە جیهانییەکان. بەڵام لەلای ئێمە هیچی لەسەر نەنووسراوە و تەنها بەوەش ناوی دەرکردووە کە پشتیوانی لە دۆز و مافەکانی گەلی کورد کردووە و شانۆنامەی (زمانی چیا)ی بۆ نووسیووین.

شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە دەروازەیەکی گەورەیە بۆ هونەری نواندن، بۆ تاقیکردنەوە و سەلیقەی ریژیسۆر. گەمەیەکی بەچیژ و توندوتیژە، پڕ لە نهێنییە و هەندێک جار کۆمیدیایەکی ڕەشە بۆ بینەران.
لەم چەند ساڵەی دواییشدا ئێمەش ئاوڕێکی جیددیمان لە هارۆڵد پینتەر داوەتەوە، تا ئێستا شەش شانۆنامەیمان ڕاستەوخۆ لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی و بە پێشەکی چڕوپڕ و وەرگێڕانی چاوپێکەوتنەکانییەوە، لە زنجیرەی شانۆی جیهانیدا کە بەسەرپەرشتی من و لە دەزگای ئاراس دەردەچێت، بڵاوکردۆتەوە.
ئەمە سەرەتایەکە و هیوادارم کە بتوانین لە ئایندەدا هەندێ لە شانۆنامەکانی تری بکەینە کوردی و بڵاویان بکەینەوە.
ئەم نامیلکەیەی بەردەستتان دەروازەیەکە بۆ ناسین و پیناسەکردنی ئەم کەڵە شانۆنامەنووسە و هەوڵدانێکە بۆ نزیکبوونەوە لە ژیان و بەرهەمەکانی. هیوادارم ئەم هەوڵە ببێتە سەرەتایەک و لێکۆڵینەوەی تری بەدوادا بێت و دەرگایەکیش بەڕووی ئەو شانۆنامانەدا بکاتەوە کە تاکو ئێستا کراونەتە کوردی.

**دانا ڕەووف**
24/6/2009
**ستۆکهۆڵم**

**بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە هەرگیز لە هونەری درامادا یەک تاقە ڕاستی نییە، بەڵکو کۆمەڵێ ڕاستی هەن. ''ڕاستییەکان/ حەقیقەتەکان'' ڕووبەڕووی یەکتری دەوەستنەوە، لەیەکتری هەڵدەسڵەمێنەوە، دەنگ و ڕەنگی یەکتری دەردەخەن، یەکتر پشتگوێ دەخەن و یەکتر شیدەکەنەوە، دەبنە تەپکە و تەڵە بۆ یەکتری. هەندێک جار هەست دەکەیت دەستت بەسەر ''حەقیقەت'' دا گرتووە، بەڵام لەچاوتروکانێکدا لە دەستت هەڵدێت.**[1]

**هارۆڵد پینتەر**

١ دەقی ئەم وتەیەی هارۆڵد پینتەر، عەلی عوسمان یاقووب لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی.

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەکی کورت

هیچ جیاوازییەکی بەهێز لەنێوان ئەوەی کە ''حەقیقەت'' ە و ئەوەیش کە ''حەقیقەت'' نییە، لەنێوان ئەوەی کە ''ڕاست'' ە و ئەوەیش کە ''چەوت'' ە نییە. مەرج نییە شتەکان ''چەوت'' یان ''ڕاست'' بن. دەشێ هەردووکیان بێ، واتە ڕاستیش و چەوتیش.

من پێموایە ئەم وتانە ئێستاش وتەی بەجێن و بەکار دێن بۆ دۆزینەوەی ''حەقیقەت'' لەڕێگای هونەرەوە. من وەک نووسەر ئەم وتانە بەڕاست دەزانم، بەڵام وەک هاووڵاتی دەبێ بپرسم چی ڕاستە و چی ڕاست نییە.

''ڕاستی'' ناو دراما هیچ کاتێک خۆی خۆی ناداتە دەست، تۆ هەرگیز بە تەواوەتی نایدۆزیتەوە، دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت. هەڵبەت ئەم بەدوادا گەڕانە هەوڵ و تەقەلای پێویستە، گەڕان و پشکنین ئەرکی تۆیە. زۆر جار تۆ لە تاریکیدا بە لای ''ڕاستی'' دا ڕادەبووریت، خۆتی لێ دەدەی، وێنەیەک یان نموونەیەکت بەرچاو دەکەوێ کە لە ''ڕاستی'' دەچێت، بەبێ ئەوەی بزانی کە ئەو ڕاستییەت دۆزیوەتەوە.

## بەریتانیا، جۆن ئۆزبۆرن و هارۆڵد پینتەر

بــە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم بارودۆخێکی تری ڕامیاری لە بەریتانیا ســەری هەڵدا، گۆڕانکاری بنەڕەتی هەموو بوارەکانی گرتەوە و ڕەوتی ژیان چەندین ئاراستەی جیاوازی لەخۆگرت. لەنێو بۆتەی ئەم گۆڕانکارییــە کوتوپڕانەدا پارتــی چەپی نوێ توانی ریگایەکی تر بگرێتە بەر، متمانەی خەڵکی بەدەست بێنێت و دەسەڵاتیش بگرێتە دەست.

گەشــەی ئابووری و بزاڤێکی بە برەوی ڕۆشنبیری و وەستانی شەڕو دەرکەوتنــی بزوتنەوەیەکی بەهێزی قوتابی و کرێکاران و پێشــکەوتنە هەنووکەییەکانــی ئــەو ڕۆژگارە، چ لەنێــو وڵاتــی بەریتانیــا و چ لەنێو وڵاتەکانی تری ئەوروپا و هاوپەیمانەکاندا کاریگەرییەکی ڕاســتەوخۆی بەسەر بەریتانیاوە هەبووە. لەهەمانکاتدا بەرەیەکی ناڕازی و تووڕەش سەرهەڵئەدا، بێکاری، چەکی ئەتۆمی و هێرشکردنە سەر کەناڵی سوێس، قوتابــی زانکۆکان، ڕۆشــنبیر و گەنجەکان تــووڕە دەکات و ئەم چینانە زۆر بەتوندی بەرهەڵستی ڕژێمی ئەوکاتەی بەریتانیا دەکەن.

لــەم قۆناخــەدا شــانۆی بەریتانی زیاتر شــانۆنامەی نووســەرەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی تری ئەوروپایان پێشکەش دەکرد و شانۆنامەنووسی بەریتانی نەک تەنها بەشــداری ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەیان نەدەکرد، بەڵکــو شــتێک نەبووە بەنــاوی شانۆنامەنووســانی بەریتانییــەوە. ئەم بارودۆخە وا نامێنێتەوە و شــانۆی ئینگلیزی لە ســاڵی 1956 دا و بە نەمایشکردنی شــانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) ی جۆن ئۆزبۆرن1921_ 1994 و لەسەر شانۆی (ڕۆیاڵ کۆرت)1 گەلێک گۆڕانکاری گرنگی بەخۆوە بینیوە، ئەو شانۆنامەیە لە پەنجاکانی ئەدەب و شــانۆی ئینگلیزیدا، هاوارێکی تووڕە، ڕاچڵەکینێکی توند و هەنگاوێکی نوێ دەبێت. لەم ســاڵەدا شــانۆ ڕێگایەکی تر دەدۆزێتوە بۆ ڕاستەوخۆ چوونە نێو کۆمەڵگا و بەم شــێوەیەش شــانۆیەکی نوێ و هاوچەرخی ئینگلیــزی لــە 8 ی مانگی مای ســاڵی 1956 دا و بە شــانۆنامەی (بە تووڕەیــی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) دەســت پێدەکاتەوە2. هەرچەندە ئــەم شــانۆنامەیە بەشــێوەیەکی تەقلیــدی نوســراوە، بــەڵام توانی لە

ڕێــگای بەکارهێنانی زمانێکــی تازە و ڕەخنەیەکی ڕاســتەوخۆ لە بەها چەســپاوەکانی کۆمەڵــگا و بەکارهێنانی کارەکتەرێکــی کرێکارەوە ئەو ڕێگایە بکاتەوە3.

سالّی 1956 تەنها سالّی شانۆ نابێت، هەر لەم ساڵەشدا و بە شێوەیەکی بەربڵاو و بەردەوام پەخشــی بڵاوکردنــەوەی تەلەفزیۆن کراوەتەوە4، ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر ڕەوتی شانۆ و دەرکەوتنی شانۆنامەنووسەکانەوە دەبێت.

دواتــر گۆڕانکارییەکان لە شــانۆی ئینگلیزیدا ڕەنگیداوەتەوە و شــانۆ دەبێتــە بەشــێک لــە گۆڕانکارییــەکان و وروژاندنی گفتوگــۆ، خەڵک و کۆمەڵگا گرفتەکانی خۆیان لە شانۆنامەکاندا ناسیوەتەوە.

جۆن ئۆزبۆرن ســەرەتای ئەو هەنگاوە گرنگە بوو، دوای ئەو ئارنۆڵد ڤێســکێر، جۆن ئەردن، ن. ف سیمیســن، تۆم ســتوپارد، پیتەر شافەر، ئێدوارد بوند، تێری یوهانسۆن و داڤید ستۆری و چەندەها نووسەری تر برەویان بەو شۆڕشە دراماتیکییە نوێیەدا. ئەم گەنجانە و تەوژمەکەیان بە (گەنجە تووڕەکان) ناوزەد کران5.

پاڵەوانی شانۆنامەکەی جۆن ئۆزبۆرن (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بــدەوە) ''جیمی پۆرتەر'' کەســێکی بێ ئومێدە، بەتایبەتــی بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکان و نەهێنانەدی خەونەکان و نەبردنە ســەری بەڵێنەکان. زوربەی ڕەخنەگران جێمی پۆرتەریان بەراورد دەکرد لەگەڵ هاملێت و وەک هاملێتێکی نوێ و شۆڕشگێر ئاماژەیان بۆ دەکرد.

ئەم گۆڕانکارییانە ڕۆڵێکی زۆری گێڕا لە پەرەســەندنی هونەری شانۆ و ڕۆڵی شانۆ لە کۆمەڵگادا، لەبەرئەوە لە ناوەڕاستی پەنجا و سەرەتای شەستەکاندا چەندین شانۆی تر کراونەتەوە و کاری شانۆییان پێشکەش کردووە. هەر بۆ نموونە ئەم شانۆیانە لەناو شاری لەندەندا چالاکییەکی زۆریان هەبووە: شــانۆی نەتەوایەتی کە ئەکتــەری بەناوبانگ لۆرانس ئۆلیڤییە بەڕێوەبەرایەتی دەکات، شانۆی شاهانەی شەکسپیر، پیتەر هاڵ دەبێتە ڕیژیسۆر و بەڕێوەبەری یەکەمی، شانۆی ریاڵ کۆرت بۆ تەقەلا ئەزموونگەرییەکان و شانۆیەکی مۆدێرنی گەورەش لە ناوەڕاستی شاری لەندەنــدا دەکرێتەوە. جۆن ئۆزبــۆرن بارودۆخێکی جیاوازی خوڵقاند و بەڕووی شێواز و جۆری بیرکردنەوەی نەوەکانی پێش خۆیدا چووەوە

و جۆرێکــی تری لە ڕیالیزمی شــانۆیی خوڵقاند کە دواتر بە (ڕیالیزمی دەستتشۆر) ناسرا، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵگای تێدا بەرجەستە ببوو.
ریالیزمی دەستتشۆر و گەنجە تووڕەکان بوونە دەروازە و ڕیگەخۆشکەر بۆ هارۆڵد پینتەر. هارۆڵد پینتەر هەر زوو توانی لەم تەوژمەدا شێوازێکی تر و بوارێکی جیاواز و شەقڵێکی تووڕەتر لە خودی شانۆنامەکانی ئەو تەوژمەدا بدۆزێتەوە و بەردەوامیشی پێببەخشێت.
هارۆڵد پینتەر دەبێتە یەکێک لە دوا گرنگترین شانۆنامەنووسانی نەوەی دوای جەنــگ و کاریگەرییەکــی گەورەی بەســەر شــانۆی هاوچەرخی جیهانییــەوە هەیــە، کاریگەرییەکانــی ئــەم نووســەرە بەربــڵاوە و لــە شــانۆنامەکانیدا مەسەلە دەروونی، ئاکار، ڕامیاری و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگــەی ئەوروپا لەخۆدەگرێت. هارۆڵــد پینتەر درامایەکی مۆدێرنی خوڵقاند. ئیبســن، ســترینبێری و چێخەف کۆتاییان بە ســەدەیەک، بە کۆنەکە، بە هاوچەرخەکە هێنا و هارۆڵد پینتەریش سەرەتا و دەروازەی نەوەیەکی نوێ و سەردەمێکی نوێی شانۆی مۆدێرنی ئەوروپییە.
هیچ شانۆنامەنووسێک هێندەی هارۆڵد پینتەر لەدوای جۆن ئۆزبۆرنــەوە بەهــا و گرنگــی نەبــووە، هارۆڵــد پینتــەر گۆڕانکارییەکــی گرنگ، نویکارییەکــی جیــاواز و شــانۆیەکی ئینگلیــزی هاوچــەرخ و مۆدێرنی فراوانــی ئەفراندووە، شــانۆیەک مــرۆڤ دەبێتە توخــم و تەوەرەیەکی گرنگی ڕووداوەکان.
شانۆی هارۆڵد پینتەر گەردوونێکی گشتگری مرۆڤایەتیی پێکدەهێنێ، لەو گەردوونــەدا مرۆڤ، تەنها مرۆڤ و دەروونێکی تەنها لە دەوروبەرێکی پڕ لە ترس و کێشەی دژواردا دەبێتە چەقی ڕووداوەکان.
ئەوەی جیگای سەرسوڕمان و ئاماژە پێکردنە لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا ئەمەیە کە زۆر گرانە جیهانە شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە جیهانە دیار و ئاشــکراکان جیابکرێتەوە. جیهانێکی توندوتیژ و پڕ لە هەڕەشە و دوژمنکاری سیمایەکی گرنگی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە پێکدەهێنێت و یەکە یەکە ڕیشاڵە دراماتیکییەکانی بەرجەستە دەکات: لە نــاوەوە، لــە ڕووکاری دەرەوە، لە هەموو لایەکــەوە و زۆر بە ووردی لایەنــە بەهێــز و لاوازەکانــی یەکتــری شــیدەکەنەوە و لەکۆتاییدا ئەو

کەسایەتییانە دەکاتە کەسانی نامۆ بە یەکتر.
هەرچەندە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر بە شێوازێکی ڕیالیزمی نووسراون، بەڵام لەکاتی نەمایشکردندا لە ڕیالیزم و واقیعی ناچێت و زیاتر ڕیالیزمێکی ئەندێشەئامێز دەبێتە ستروکتوری نەمایشە شانۆییەکانی: کارەکتەرەکانی، ئەتمۆسفێرە گشتییەکە، ژووره داخراوەکان، ڕازونهینی، هەرەشە نادیارەکان، دیالۆگە کورت و پڕ لە مەخزاکان، بێدەنگی و وچانە درێژەکان ......، بارێکی چاوەڕوانی لای بینەرەکانی دەخوڵقێنێ و هەموو بەرگە ڕیالیزمییەکانی شانۆیەکی واقیعیش لە شانۆکەیدا ناهێڵێت. شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر پێکداچوون و پێکهاتەیەکی سەیر لەخۆدەگرێت، گەمەی دەسەڵات، دانانی پلان و ستراتیژییەت، خەون، درۆ، ڕیا و فەنتازیا، ئەمانەش هەموویان پێکەوە بنەما گشتییەکەی ئەو شانۆیە دەستەبەر دەکەن.
مرۆڤ لەلای هارۆڵد پینتەر لە وتووێژێکی بەردەوامدایە لەگەڵ ناوەوەی خۆی و دەنگە نادیارەکانی دنیای ناوەوە و دەرەوە. ڕەخنەگران لە سەرەتادا ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر ئاڵۆزن، دوورن لە هەموو بنەما دراماتۆرگییەکانەوە و کەس نازانێ باسی چی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا چەندین باس و لێکۆڵینەوە، کتێب و بڕوانامەی خوێندنی باڵا و لە هەموو ڕووەکانییەوە لەسەر شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر نووسراون.
یەکێک لەو ڕەخنەگرانەشی کە ستروکتور و شێوازێکی ڕەخنەیی، تیۆری و فیکری بەخشییە شانۆی هارۆڵد پینتەر (مارتن ئیسلن) بوو. مارتن ئیسلن لە شەستەکاندا بەڕێوەبەری شانۆی ڕادیۆ دەبێت کە لە ئێزگەی BBC هوە پەخشدەکرا و لەم ڕێگایەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و قووڵ، بە شانۆنامەکانی هارۆلد پینتەر ئاشنا دەبێت. ئەم ڕەخنەگرە ئەو شێوازە نادیار و فۆرمە نهێنییە واقیعییەی گەیاندە ئاستێکی بەرز و هەموو کۆد و شانەکانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر دەکاتەوە و تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەیان دەخاتە سەر.
مارتن ئیسلن لە کتێبە دانسقە و بەناوبانگەکەیدا بەناوی (شانۆی ئەبسورد) The Absurd the of Theatre کە لە ساڵی 1961 دا بڵاوکراوەتەوە6، ڕیالیزمی هارۆڵد پینتەر دەبەستێتەوە بە تەوژم و

ڕێبازەکانی پوچگەرایی و فەلسەفەی خود دەکات و سیمایەکی ئەبسورد دەبەخشـێتە شـانۆنامەکان و بە ریالیزمێکی ئەبسـوردئامێز ناوزەدی دەکات. مارتن ئیسلین هەوڵ ئەدات تووخم و ڕیشاڵەکانی هارۆڵد پینتەر لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکیشـەوە ببەستێتەوە بە بێکێت و یۆنسکۆوە و لەهەمانکاتدا خودی بیرۆکە و هزری شانۆنامەکانیشـی لە فەلسـەفەی هایدگەر و سـارتەردا بدۆزێتەوە. هارۆڵد پینتەر دژی ئەم پۆلێنکردن و بەراوردکارییانە بوو، ئەو پێیوابوو کە شـانۆیەکی سـاکار و ڕۆژانەی نووسـیوە. گەر بگەڕێینەوە سـەر بنەما گشـتییەکانی تێکستەکانی ئەم نووسـەرە دەبینین کە کارەکتەرەکانی بە شـێوەیەک لـە ڕووداوەکاندا بەرجەسـتە کردوون، وەک شـتێکی ئاسایی و ڕۆژانە: رۆژانە و ساکار تێکەڵاو دەکات، بەڵام لەگەڵ فۆرم و جیهانێکی ئەبسورددا پێکدا دەچێت و لـە بەرئەنجامـدا ژیانـی خەڵکـی تیا ڕەنـگ ئەداتەوە و بەرجەسـتە دەبێت و لە ڕوانگەی چیرۆکێکی ئاسـایی نائاسـاوە دەردەکەون، وچان و دیالۆگـەکان قـووڵ دەکاتـەوە و مەودایەکـی نهێنـی و هەندێ جار ترسناکیان پێدەبەخشێ. هارۆڵد پینتەر کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتە سەر هەموو شانۆنامەنووسانی دوای خۆی، چ لە شانۆی ئینگلیزی و چ لە شـانۆی جیهانیشـدا، لە بەریتانیا (داڤید مەمێنت) و (سارا کێنی) دوو نموونەی ئاشکران، لە سوێد (لاش نۆرێن) و لە نەرویژیش (یۆن فۆسە) ڕاسـتەوخۆ لەژێـر کاریگەری هارۆڵـد پینتـەردا بەرهەمەکانی خۆیان نووسیون.

## پەراوێزەکان

1. شـــانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە پەنجاکانی ســـەدەی ڕابردوودا دەبێتە یەکێک لە شـــانۆ هەرە گرنگەکانی لەندەن و نووسەرە گەنجەکان لەم شانۆیە و بۆ ئەم شانۆیە بەرهەمەکانیان دەنووسن. چەندین نووســـەری بەتوانای وەک جۆن ئۆزبۆرن، ئارنۆڵد ڤێســـکێر و جۆن ئەردن و دواتریس هارۆڵد پینتەر، لەم شـــانۆیەوە گەشـــە دەکەن، ناوبانگ دەردەکەن و تەوژمێکی نوێی شانۆش دادەمەزرێنن. ئەم ڕەوتەی شـــانۆی ڕۆیاڵ کۆرت کاردەکاتە ســـەر زوربەی شـــانۆ بچوک و ئەزموونگەرییەکانی ئەوروپا و تا ئێســـتاش وەک شانۆیەکی تایبەتمەند و گرنگ لە شانۆی ئینگلیزی و شانۆی هاوچەرخی ئەوروپیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.
2. شـــانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) لە 8/5/1956 دا لەســـەر شانۆی (ڕۆیاڵ کۆرت) لە لەندەن نمایشکراوە.
3. لە دەیەی پەنجای ســـەدەی ڕابردوودا، ڕەخنەگران شـــانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) بە باشترین پیەسە گەنجەکانی شانۆی ئینگلیزی ئاماژەی بۆ دەکەن.
4. بەریتانیا لە ســـاڵی 1929 وە پەخشی ئەزموونگەری تەلەفزیۆنی دەستپێکردووە، بەڵام تا ساڵی 1956 ئەم هەوڵانە بە شێوەیەکی تەواوەتی بەڕێوە ناچێت.
5. بۆ زیاتر ئاشنابوون و قووڵ بوونەوە لەم مەسەلەیەدا، بگەڕێوە بۆ سەر کتێبی (شانۆی سوێدی) ل38_44، نووسینی (دانا ڕەئوف)، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ساڵی 2006.
6. ئـــەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە ســـەر زوربەی زمانەکانی جیهان و لە هەشـــتاکاندا بە زمانی عەرەبیش بڵاودەکرێتەوە و دەبێتە یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی پرۆگرامی خوێندن لە پەیمانگا و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا.

## بەشی دووەم
# هارۆڵد پینتەر

## بیۆگرافیا

ژیانــی هارۆڵــد پینتــەر لــە 10 ی ئۆکتۆبــەری ســاڵی 1930 دا و لە بنەماڵەیەکی جولەکەی هەژار و لە ڕۆژهەڵاتی لەندەنەوە دەست پێدەکات و لــە ناوچەی (ئێســت ئێند) گــەورە دەبێت. باوکــی بەرگدروو بووە و هارۆڵد پینتەر تاقانە و تەنها منداڵی ئەم خێزانە بووە، خانەوادەکەشیان هــەر لە ســەرەتاوە و بەوپەڕی توانــاوە هانی هارۆڵد پینتــەر دەدەن، بارودۆخێکی هێمنی بۆ دابین دەکەن و خۆشەویســتییەکی گەورەشــی پێدەبەخشن.

هارۆڵد پینتەر لە تەمەنێکی ناسکی مێردمنداڵیدا و لەکاتێکدا کە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویســتی بە ســۆزی دایک و باوکی بووە، لە خێزانەکەی دادەبڕێــت و وەک زوربــەی زۆری منداڵانــی تــری ئــەو ســەردەمە، لەکاتــی جەنگــی جیهانی دووەمــدا دەگوێزرێتــەوە بۆ گونــد و ناوچە دوورەدەستەکان. هارۆڵد پینتەر لە هەرەتی لاویدا، ڕاستەوخۆ شاڵاوی ســوکایەتی پێکردن و دژایەتیکردنی جولەکەکان لە دەیەی سییەکاندا لە کۆڵان و جاددەکانی لەندەندا بەچاوی خۆی دەبینێت، هەر لەو ساتەشەوە زۆر بەتوندی دژی هەموو جۆرە شەڕ و سەرکوتکردنێک دەبێتەوە.

هارۆڵد پینتەر لە دەســپێکی ژیاندا کەمدوو بووە و زیاتر وەک لاوێکی شەرمن و بێدەنگ دەرکەوتووە، کەمتر چووەتە ناو خەڵکەوە و هەمیشە دوورەپەرێــز و گۆشــەگیر بووە. بــەڵام کە دەچێتــە قۆناخی خوێندنی ئامادەییەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت، دەکرێتەوە، دەچێتە ناو هاوڕێکانییەوە، توانای قســەکردنی زیاتر دەبێت و ئەو شەرمنییەی جارانی نامێنێت.

هارۆڵــد پینتەر لەم قۆناخەی ژیانیدا دەســت دەکات بە یاری تۆپی پێ و لەم یارییەشدا سەرکەوتوو دەبێت و دەبێتە جێگای سەرنجی هاوڕێ و هاودەمەکانــی. دواتر چەنــد وتارێکی جۆراوجۆریــش لە ڕۆژنامەی قوتابخانەکەیاندا بڵاودەکاتەوە. هەر لەم قۆناخەدا بەهرەی نووســین و زمانێکی پاراو و توانای دەربڕینی لەلا دەردەکەوێت.

هارۆڵــد پینتــەر لە چەندیــن چاوپێکەوتندا ئاماژەی بــەوە کردووە کە ئــەو گۆڕانکارییانــە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و هاندانی مامۆســتای ئەدەب

و کولتـووری ئینگلیزی Brearley Joseph هەر ئەو مامۆسـتایەش بەهرەی شـانۆ و نووسـین لەو لاوەدا دەدۆزێتەوە و بـەردەوام هانی دەدات. گرنگـی هەوڵەکانی ئەم مامۆسـتایە لەوەدا بووە کە توانیویەتی هارۆڵد پینتەر بەوە قایل بکات کە ئەو خاوەنی هۆشیارییەکی تایبەتمەند و زمانێکی ساکاری قووڵە، زمانێک کە بە ئاسانی توانیویەتی گوزارشت لە هەست و سۆزی خۆی و شتە ئەبستراکتەکانیش بکات.

هارۆڵد پینتەر هەر لە سەرەتاوە ئارەزووی ئەدەب و هونەری هەبووە، بـە ووردی کافـکا، جیمس جۆیس، دۆستۆیڤسـکی، هێمنگـوای، هینری میللـەر و تەنانـەت ڕۆمانەکانی بێکێـت دەخوێنێتـەوە، هەروەها وەک ئەکتەریش لە زوربەی چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەکەیاندا بەشداری دەکات و هـەر لەو قۆناخـەی تەمەنیدا ڕۆڵی (ماکبێس) لەو شـانۆنامە بەناوبانگـەی شەکسـپیردا یاری دەکات. ئەم شـانۆنامەیە یارمەتییەکی گـەورەی هارۆڵد پینتەر دەدات و هەر لە ڕێگای ئەم نەمایشـە و ڕۆڵی ماکبێسـەوە بەسـەر گرفتە دەروونییەکانی خۆیـدا زاڵ دەبێت و زیاتر بڕوای بەخۆی پتەو دەبێت، دەوێرێت بێتە پێشەوە و جێگای خۆی لەنێو هاوڕێکانیدا بکاتەوە.

هارۆڵـد پینتـەر لە سـاڵی 1950 دا بـۆ یەکەم جار پارچە شـیعرێکی لـە گۆڤـاری London Poetry دا بڵاودەکرێتەوە و لە سـاڵی 1951 یشـدا وەک ئەکتەرێکـی دانپێدانـراو لە دەرەوەی دەرگاکانی شـانۆی قوتابخانەکانـدا کاردەکات. هارۆڵد پینتەر لەم سـاڵەدا و بۆ یەکەم جار گەشتێکی هونەری بە ئێرلەندادا دەکات و لە چەند شارێکی ئەو وڵاتەدا هەندێ لە شـانۆنامە کلاسـیکییەکان پێشکەش دەکات. بەم جۆرە ساڵی 1951-1950 دەبێتە دەسـپێکی ژیانی هونەری باوەڕپێکراوی هارۆڵد پینتەر.

پاشـان لـە ئیزگـەی بەریتانیا لەگـەڵ تیپ و گروپە گەڕۆکـەکان و لە زوربـەی شـانۆکانی لەندەنـدا وەک ئەکتـەر و ڕیژیسـۆر کاردەکات. هارۆڵد پینتەر بەو شێوەیە و لە سەرەتاوە هەموو ژیانی خۆی بۆ شانۆ تەرخان دەکات: نووسـەر، ئەکتەر و ڕیژیسۆر و زۆرجار هەر خۆیشی ڕۆڵی کارەکتەرە توورە و بێباکەکانی شانۆنامەکانی خۆی دەبینێت.

هارۆڵـد پینتـەر بۆ ماوەی زیاتر لە 10 سـاڵ لەگەڵ تیپ و نەمایشـە

شــانۆییەکاندا، بە زوربەی شــارۆچکەکانی لەندەن و شــارەکانی تری ئینگلیســتاندا گــەڕاوە، ئەمــەش زیاتر و لە نزیکەوە بە هونەری شــانۆ، پێداویســتییەکانی، تەنگــژە و چارەســەرکردن و پراکتیــک و پرۆســە هونەرییــەکان ئاشــنا بووە و توانــا کردەییەکانــی دەوڵەمەند کردووە. ئەم ئەزموونە شــانۆییە دواتر لە نووســینی شــانۆنامەکانیدا ســوودی لێوەرگرتــووە، زانیویەتی کارەکتەرەکانی بە چ شــێوەیەک دەجوڵێنەوە، شــوینپێیان هەڵدەگریَ و هەڵســوکەوت و دیالــۆگ و پەیوەندییەکانیان دیارو دەستەبەر دەکات. هارۆڵد پینتەر دەڵێت ( لەو دەمەدا من هونەری نوانــدن وەک ململانــێ و تێکۆشــانێکی چڕ دژی بینــەران دەهاتە پێش چاوم. ئێمە یان ئەوان سەرکردەی ئەو ململانێ و تێکۆشانە بووین. کە دەستیشم کرد بە نوسین بە باشی دەمزانی کە چی وا لە بینەران دەکات بێدەنگ دانیشــن و دەمیان داخەن، چونکە من لە بنەڕەتدا ئەکتەر بووم. هەرچەندە ئەم تەکنیکە هەموو جارێک سەرناگرێت. )

هارۆڵــد پینتــەر لــە ســاڵی 1957 دا و لــە تەمەنــی بیســت و حەوت ســاڵیدا شــانۆنامەیەکی یەک پەردەیی بەناوی (ژوور) دەنووسێت، هەر لەم شــانۆنامە کورتەدا فۆرم و شــێوازەکانی نووســینی هارۆڵد پینتەر دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەتمۆســفێر، کارەکتەر و ژوورە داخراوەکان، ژووریــش وەک پانتایــی و شــوێنی ڕووداوەکان دواتــر لــە زوربــەی شــانۆنامەکانی تری هارۆڵد پینتەردا دووبــارە دەبێتەوە. هارۆڵد پینتەر لەســەر داوای ''هینری وەلــف'' ی هاوڕێی کە قوتابی بەشــی درامای زانکۆی ''بریستۆڵ'' دەبێت، ئەم شانۆنامەیە بە چوار ڕۆژ دەنووسێت.

(ژوور) وەک یەکەم شــانۆنامەی هارۆڵد پینتــەر دووپاتکردنەوەیەکی توانــا و ســەلیقەی ئەم نووســەرەیە، دیالۆگــە کورتــەکان، نائارامی و هەڕەشەیەکی نادیار ڕیتم و دونیای ژوورە داخراوەکان لە دنیابینییەکی بەرفراوان و قووڵەوە بەرجەستە دەبێت.

عەلــی عوســمان یاقــووب ســەبارەت بــە شــانۆنامەی (ژوور) کە لە ئینگلیزییــەوە کردوویەتــی بە کــوردی، دەڵێت( هارۆڵد پینتــەر هەر لە ســەرەتای شانۆنامەکەوە دوو شوێنی جیاواز، دوو شوێنی پێچەوانەی یەکتــر وەک ئاماژەیــەک بۆ ململانێیەک دەخاتە بــەر دیدەی خوێنەر و بینــەران. گوتمان ژوورەکە دەرگایەکی بــۆ دەرەوە هەیە، لە دەرەوەی

ئەم دەرگایە دونیایەکی ترە. بەراوردکردنی ئەم دیوەی دەرگاکە – واتە ناو ژوورەکە – لەگەڵ دونیای ئەودیوی دەرگاکە کارێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو پەیامەی کە هارۆڵد پینتەر دەیەوێت بیگەیەنێت. دونیای دەرەوە دونیایەکی ساردە، دونیایەکی دژ و ڕقاوییە. ناو ژوورەکە گەرم و ڕووناکە، بەڵام لە دەرەوە زستانە، سارد و تاریکە. پێکهاتەی دووەمی شانۆنامەکە ژن و مێردێکن، یان باشتر وایە بڵێین ژن و پیاوێکن، چونکە مەسەلەی ژن و مێردایەتییەکەیان وەک زۆر شتی تری ناو شانۆنامەکە زۆر ڕوون نییە.) هارۆڵد پینتەر لە دووتوێی وشە، ئەتمۆسفێر و کارەکتەرەکانیشەوە ژوورەکان بەرجەستە دەکات، ژوورەکانی پلە بە پلە و هێدی هێدی لەنێو خودی تێکستەکانییەوە دەردەکەون، هارۆڵد پینتەر بە ڕووداوەکانی، ڕێگا بۆ ژوورەکانی دەکاتەوە تا فۆرمی خۆیان وەربگرن.

هارۆڵد پینتەر وەک ئەکتەر بە ناوی داڤید بارون- ەوە کاریکردووە، دواتریش کە شانۆنامەکانی بڵاودەکاتەوە لە داڤید بارونی ئەکتەرەوە دەبێتە هارۆڵد پینتەری شانۆنامەنووس. نووسینی شانۆنامەی (ژوور) وزەیەکی بەهێز دەبەخشێتە هارۆڵد پینتەر و دەبێتە هاندەرێکی ڕاستەوخۆ بۆ بەردەوام بوون و پرۆژەی نوێ، هەر لە ساڵی 1957 دا شانۆنامەی (لە چاوەڕووانی ویلسوندا) دەنووسێت1، تەکنیکی پشتەوەی تێکست و ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و هەڕەشەئامێز لە شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) کە لە ساڵی 1958 دا دەینووسێت، بە تەواوەتی پەرە دەسەنێت و هێڵەکانی شانۆیەکی تایبەتمەندی هارۆڵد پینتەر دەردەکەوێت. هەر لەم شانۆنامەیەدا ئەو کۆمیدیا ئەبسوردەی کە لە بێکێتەوە فێری دەبێت، بە تەواوەتی دەردەکەوێت، ڕووداو و کارەکتەرەکان لە دیالۆگی ڕووت، ئاسایی و قسەی ڕۆژانەوە دەبێتە درامایەکی کافکایی. شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) لە زانکۆی کامبریج نمایش دەکرێت، دوای ئەوە لەسەر شانۆ گرنگەکانی لەندەن نمایش دەکرێتەوە، بەڵام ڕەخنەگران بە توندی بەرەنگاری ئەم شانۆنامەیە دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کشانەوەی بینەران و دواتر ناچار دەبن دوای چەند هەفتەیەک نەمایشەکە ڕابگرن. بەڵام هارۆڵد هۆبسۆن Hobson Harold کە یەکێک دەبێت لە ڕەخنەگرە دیارەکانی

ئەو دەمەی بەریتانیا و لە ڕۆژنامەی Times Sunday دا بەرگری لە هارۆڵد پینتەر و شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) دەکات( لەو بڕوایــەدام کە پینتەر ســەرلەنوێ دەربکەوێتەوە، ئــەو ناوە باش بخەنە مێشکتانەوە.) هارۆڵد پینتەر وەک یەکێک لە دەنگە گەورە و ڕەسەنەکان دەردەکەوێتەوە.
هارۆڵــد پینتەر لــە یەکێک لە بینەرەکانی شــانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) ەوە ئەم نامەیەی بەدەست دەگات:

**ڕێزدار کاک پینتەر**
**من زۆر سوپاســتان دەکەم گــەر بەڕێزتان ناواخنی شــانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) تان بــۆ ڕوون بکردمایەوە. من لەم خاڵانــە تێناگەم: یەکەم، ئەو دوو پیاوە کێن؟ دووەم، ســتانلی لە کوێوە هاتووە؟ سێیەم، لەوە دەچێت کە هەموویان هەر بە تەواوەتی ئاسایی بن؟ ئێوە دەبینن کە بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکانم وەربگرم، ناتوانم بەهیچ شێوەیەک لە شانۆنامەکەی ئێوە تێبگەم.**
**ماری ولیام سۆن**
هارۆڵــد پینتــەر دەســتبەجێ وەڵامــی پرســیارەکانی ئەو بینــەرە، بەم شێوەیەی خوارەوە ئەداتەوە:

**ئێوەی بەڕێز!**
**من زۆر سوپاســتان دەکەم گەر بەڕێزتــان ناواخنی نامەکەتان بۆ ڕوون بکردمایەوە. من لەم خاڵانە تێناگەم: یەکەم، جەنابتان کێن؟ دووەم، لە کوێوە هاتوون؟ ســێیەم، لەوە دەچێت کە ئێوە ئاسایی بــن؟ ئێوە دەبینن کــە بەرلەوەی وەڵامی پرســیارەکانم وەربگرم، ناتوانم بە هیچ شێوەیەک لە نامەکەی ئێوە تێبگەم.**

**هارۆڵد پینتەر**

دوو ساڵ دواتر شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکرێت و لە کەناڵەکانی BBC دا بڵاودەکرێتەوە، ئەم نەمایشــە تەلەفزیۆنییە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هارۆڵد پینتەر بەدەست دەهێنێت و لــە شــەوورۆژێکدا دەبێتــە یەکێــک لە ناســراوترین نووســەرەکانی ئەودەمەی بەریتانیا.

هارۆڵــد پینتــەر هەر لــەم قۆناخەدا زۆر بە چڕیی دەکەوێتە نووســین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، شــانۆنامەکانی بۆ BBC دەنووســێت، لەهەمانکاتــدا بەردەوام دەبێت لەســەر بڵاوکردنەوەی شــیعر و فیلم و تێکستە تەلەفزیۆنییەکانی و تەنانەت وتاری سیاسیش بڵاودەکاتەوە2.

هارۆڵد پینتەر لەگەڵ نووســینی هەر شــانۆنامەیەکی تازەیدا، فۆرم و شــێوازەکانی خــۆی قووڵتر دەکاتــەوە و گفتوگــۆ و بۆچوونی جیاواز دەوروژێنێ. بۆ نموونە لە ســاڵی 1960 دا شــانۆنامەی (ســەراییدار) دەنووســێ، ئەم بەرهەمەی نەک بــە تەنها لە لەندەن، بەڵکو لە زوربەی وڵاتــە ئەوروپییەکاندا بە ســەرکەوتنەوە نەمایش دەکرێت و پاش چوار ساڵیش (سەراییدار) دەبێتە فیلمێکی سینەمایی سەرکەوتوو.

هارۆڵد پینتەر دوای ئەو سەرکەوتنانە، شانۆنامەی (دیمەنێکی ئاسایی) و (گۆلێکسیۆن) 1961، (یار) 1962، (ئاهەنگی چا خواردنەوە) 1965، (گەڕانەوە بۆ نیشــتمان) 1965، (بێدەنگی) 1969، (شەڕ) 1969، (بێ وەفایی) 1978، (خاکی بێ خاوەن) 1974 .... هتد، دەنووسێت.

هارۆڵــد پینتــەر لــە شەســتەکاندا هاوکارییەکــی هونەری چــڕ لەگەڵ ریژیســۆری شانۆی شاهانەی شەکســپیر (پیتەر هاڵ) دەست پێدەکات، ئەم هاوکارییە هونەرییە دەشبێتە هاوڕێیەتییەکی نزیکی درێژخایەن.

پیتــەر هاڵ شــانۆی شــاهانەی شەکســپیر دادەمەزرێنێــت و چەندین نەمایشی سەرکەوتوو پێشکەش دەکات و شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر دەبێتە جێگای ســەرنجی. ئــەم هاریکارییە هونەرییە تــا دوا ڕۆژەکانی ژیانی هارۆڵد پینتەر بەردەوام دەبێت.

هارۆڵد پینتەر تەنها هەوڵی نەمایشــکردنی شانۆنامەکانی نادات، بەڵکو بە هەمان شێوە شانۆنامەکانی بە کتێب و لە گۆڤارەکاندا بڵاودەکاتەوە، ئەم بڵاوکردنەوەیەش زەمینەیەکی بەربڵاو و گرنگ بۆ هارۆڵد پینتەرێکی گەنج، لەسەرانسەری بەریتانیادا خۆش دەکات3.

هارۆڵـد پینتەر نەوەی ســەر بە چینی کرێـکاران و تەوژمی ڕیالیزمی نوێی شانۆی ئینگلیزییە، بەتایبەتیش لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا پابەندی دەوروبــەر و ئاووهەوایەکی واقیعی شــیعرئامێزە، لە ژیانێکی ڕۆژانەی زۆر ئاساییدا، هەل ومەرج، هەڵوێستە، حاڵەتی دژایەتی و بەرگری کردن دەخولقێنێت و زۆر جار دیالۆگەکانی فۆرمێکی لێپێچینەوە لەخۆدەگرێت، ئەم فۆرمە زیاتر لە شــانۆنامە سیاســییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. ڕووداو و ئاکامەکانی جەنگی جیهانی دووەم کاریگەرییەکی زۆر لەســەر بیر و هۆشی هارۆڵد پینتەر بەجێدەهێڵێت، هەموو شتێک بە سیاسەت دەبینێت، لە بنەماکانی توندوتیژی، ڕەگەزپەرســتی، جەنگ و دەسەڵات تێدەگات. هــەر لەبەرئەوەشــە کە بــە هەموو شــێوەیەک دژی هەمــوو ماناکانی ســەرباز و ســوپا و چەک دەبێتەوە، لە خزمەتی ســەربازی هەڵدێت و بە هیچ شــێوەیەک ئامادە نابێت کە جلەبەرگی سەربازی لەبەر بکات و بچێتە ڕیزەکانی ســوپای وڵاتەکەیەوە. لــە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا بەم شــێوەیە باســی ئەو ڕۆژگارانــە دەکات ( کە جەنــگ کۆتایی هات، تەمەنــم پازدە ســاڵان بــوو، گومان لــەوەدا نەبوو، ئەگەر دوای ســێ ســاڵیتر بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشــت بکرامایە، هەر دەبوایە بچم. من هیچ مانایەکم لەمەدا نەدەبینی، بۆیە نەچووم و لە ئاکامدا گیرام. بە ترومبێلێکی پۆلیس بردمیانە بنکەی پشکنینی تەندروستی. دوو دادگاش داوای کردم. )

هارۆڵـد پینتــەر بــە پێچەوانــەی نووســەرەکانی ســەردەمی خۆیــەوە، شانۆنامەنووســێک نەبووە و نییە کە نووسینەکانی لەسەر ژیان و بیۆگرافیای خــۆی ڕۆنابێت، شــانۆنامەکانی هارۆڵـد پینتەر ڕێگایەک نین بۆ ناســینی ئەم نووســەرە و لە بەرهەمەکانیدا هیچ زانیارییــەک دەربارەی ژیانی تایبەتمەندی خــۆی نادات بەدەســتەوە. ســەبارەت بە ڕەوشــی ژیانی خــۆی دەڵێت( هیچم نییە ســەبارەت بە خۆم بیڵێم. نازانم لە کوێوە دەســت پێبکــەم، بە تایبەتی کە لە ئاوێنەدا ســەیری خۆم دەکەم. لەوە ڕادەمێنم کە ئاخۆ دەبێ ئەو کەســە کێ بێت؟)

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی 2005 دا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەردەگرێت و لەدوای بێکێتــەوە دادەنرێت بە گەورەترین شانۆنامەنووســانی ئەورووپــا و جیهان. لە ساڵی 2008 دا کۆتایی بە ڕەوتی ژیانی دێت و کۆچی دوای دەکات.

## پەراوێزەکان:

1. ئەم شـانۆنامەیە لە سـەرەتادا ناوی (بارمەنە بێدەنگەکە) بووە و بە شـانۆنامەی (خواردنی پەیژە کارەباییەکە Mathissen) یش ئاماژەی بۆ دەکرێت.

2. هارۆلـد پینتەر سـیناریۆی بۆ چەندین فیلمی بەناوبانگ نووسـیوە. لـە سـاڵی 1962 دا چیـرۆک و سـیناریۆی فیلمـی نۆکەر، لە سـاڵی 1967 دا تێکشـکان و لـە سـاڵی 1971 دا پەیامنێر دەنووسـێت. ئەم فیلمانە هەرسـێکیان لە ریژی جۆزیف لوسـی دەبن. لە هەشتاکانیشـدا سـەرلەنوێ سـیناریۆی کۆمەڵێک فیلمی تر دەنووسـێت، لەوانە Den kvinna löjtnantens franske کـە لـە رۆمانێکی Fowles John ەوە وەریگرتـووە، دەنووسـێت، لـە سـاڵی 1985 یشـدا سـیناریۆی فیلمی (یاداشـتەکانی کیسـەڵ) کە لە ڕۆمانێکی Hoban Russel ەوە وەریگرتووە، دەنووسێت.

3. لە دەیەی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، گۆڤارێکی شانۆیی لـە لەندەن بـە نـاوی Encore- "The Voice of vital Theatre" دەرچـووە، ئـەم گۆڤـارە گرنگیـداوە بـە دەنگـی نـوێ، لێکۆڵینەوەی تەوژمەکانی سەردەم، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شانۆیەکی ساتەوەختی، گرنگیـدان بە شـانۆی ناوچـە جیاجیاکانی دەرەوەی شـاری لەندەن و زەمینەخۆشکردن بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی کە پابەند بووە بە گۆڕانکارییە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگاوە. ئەم گۆڤارە دوا ژمارەکانی لە ساڵی 1965 دا بڵاودەکرێتەوە. هارۆڵد پینتەر یەکەم شانۆنامەکانی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) و (سەراییدار) لەم گۆڤارەدا بڵاودەکاتەوە.

بەشی سێیەم

# مۆرک و
# سیماکانی شانۆی
# هارۆڵد پینتەر

هارۆڵـد پینتەر هەر لە یەکەم دەسـپێکی شـانۆنامەکانییەوە، جیهانێکی تایبەتمەنـدی بە خـۆی دروسـتکردووە، دیالۆگ، کارەکتـەرەکان، ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنێت، ئەو مەسـەلانەی کە دەیانخاتە ڕوو، تۆن و ڕیتم، جۆرە هەستێک، غەریزە و قووڵییەکی زیاتر، جیددیەتێکی زیاتر و لەم نێوەندەشدا خەندەیەکی ڕەش لەخۆدەگرێت.

ئەتمۆسـفێرە تەمومژاوییـەکان و بارودۆخە نهێنییەکان شـێوەیەک لە (پینتەرییەت) تایبەتمەندی و جیاواز دەخوڵقێنێت. شانۆکەی بە شێوەیەکی گشـتی باسی ئەو ڕەوشانە دەکات کە مرۆ بەرگری لە خۆی، لە پێگەی خـۆی و بۆچوونەکانـی دەکات، یـان مرۆ بە شـێوەیەک لە شـێوەکان هێرش دەکاتە سەر کەسێک، کەسانێک تەنها بۆ ئەوەی (ناوچەی خۆی) بپارێزێ.

کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر بەبێ هیچ چیرۆکێک، بەبێ هیچ پەیوەندییەکی ڕوون و ئاشکرا و ئاستێکی دیاریکراوی باری کۆمەڵایەتی یان چینایەتی دێنە سەر شانۆ، ئەو کارەکتەرانە لە دانوساتێکی بەردەوامدان سەبارەت بەوەی کە هەموویان جێگایان لە هەمان ژووردا بێتەوە، بەرتەسکی شوێنەکان، وەک هێماگەلێک لە زوربەی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا دووبارە دەبنەوە، شوێنەکان هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، ئەم بەرتەسکی شوێنانەش
ئاماژەیەکە بۆ تەنگژەی کەسایەتییەکان و سنووررداری جوڵانەوەکانیان لە ژیان و ترسیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانی دەرەوە. تەنها و دابڕاو لە بارودۆخێکی تەمومژاوی و نهێنیدا دێن و دەچن، ئەم بارە نادیار و تەمومژاوییە شانە گرنگەکانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر پێکدەهێنن.
ئەو فۆرم و ڕیتمەی کە ئاماژەمان پێکرد، جۆرە دەوڵەمەندییەکە لەلای هارۆڵد پینتەر، ژوورەکان لە تاریکییدا فۆرمی خۆیان وەردەگرن، خۆیان دەسەپێنن و هێدی هێدی لە خودی تێکستەکاندا دێنە دەرەوە.
کارەکتەرەکان لەناو تێکست و ئەتمۆسفێرەکەدا ڕێگا بە ژوورەکان ئەدەن فۆرمی خۆیان وەربگرن. دونیا سارد و تاریکەکانی دەرەوە حاڵەتێکی مەترسیدار، چاوەڕوانی و شتێکی نادیار بۆ کارەکتەرەکان دەستەبەر دەکەن، کەسایەتییەکانی لە تاریکی، تەنیایی و دابڕاندا لە بیرکردنەوەیەکی بەردەوامدان، ئەو بیرکردنەوانەش دەبنە هۆی دروستبوونی پردێکی پەیوەندی بە دونیای دەرەوە.
ئەو شێوازە گوماناوییەی هارۆڵد پینتەر کە لە خودی دیالۆگ و تەکنیکی گێڕانەوەکانیدا بەکاری دەهێنێت، زمانی ڕۆژانە و بەکارهێنانی فۆنەتیک و دیالێکتە ناوچەیی و جیاوازەکان دەکاتە بنەمایەک بۆ زمانە تەمومژاوییەکەی و دروستکردنی بارێکی نائارام و حاڵەتێکی نادیار.
هارۆڵد پینتەر خۆیشی زۆرجار دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە لەوەی کە نووسیویەتی هیچ شتێکی زیاتر سەبارەت بە کارەکتەرەکانی نازانێ. (خودی ژیان هیچ لێکدانەوەیەکی نییە و هیچ لێکناداتەوە، ئێمە هەرگیز وەڵامی هیچ پرسیارێک نادرێینەوە، ئەی بۆچی بیچمەکانی من وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.) ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هارۆڵد

پینتەر خۆیشــی نووسینی کردۆتە ئامرازێک بۆ زیاتر ناسینی مرۆڤ و کارەکتەری شانۆنامەکانیشی، هەموو شانۆنامەیەکی نوێ هەوڵێکی ترە بۆ زیاتر ئاشنابوونی بە کارەکتەرەکانی، بە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و بە ڕەوشە سیاسییەکان.

هارۆڵد پینتەر ســەبارەت بە پرســیاری هەندێ لە ئەکتەرەکانی لە کاتی پرۆڤە کردندا دەڵێت (هەندی جار ئەکتەر و ریژیسۆرەکان لەکاتی مەشقی شــانۆنامەکانمدا پێمدەڵێـن: (بۆچی ئــەم کارەکتــەرە وا دەڵێت؟) منیش وەڵامیان دەدەمەوە: (ڕاوەســتە، با چاوێک بە تێکســتەکەدا بخشێنم.) وا دەکەم و دواتر لەوانەیە بەم شــێوەیە وەڵامــی بدەمەوە: (ئەو وا ناڵێت، لەبەرئەوەی ئەو دوو لاپەڕە لە پشــتەوە وای وتووە؟) یان بەم شێوەیە وەڵامیــان دەدەمەوە: (لەبەرئەوەی ئەو وا هەســت ئەکات.) یان (بەهیچ شــێوەیەک نازانم. بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێ بزانین بۆ وای وتووە.) گەر بچوکترین وشــە بە هەڵە لێکبدرێتەوە، یان تێبیگەین، ئەوا ڕاســتەوخۆ بە نواندنی ئەکتەرەکانەوە دەبینرێــت، هارۆڵد پینتەر خۆی ئاماژەی بەوە کردووە گەر تەنانەت وشــەیەک بە هەڵە بووترێت، ئەوە ئەکتەرەکــە دەکەوێتە بارێکی حەپەســاو ئاســا و ماســولکەگرژییەکی تەواوەوە. هیچ ســنوورێکی ئاشــکرا لەنێوان ڕاســتی، واقیع و خەیاڵدا نییە، هەروەها بەهەمان شــێوە هیچ ســنوورێک لەنێوان ڕاست و درۆدا نییە، بەم شــێوەیەش جیهانی شــانۆکەی، هەموو سنوورەکانی واقیع و فەنتازیا، خەون و خەیاڵ تێکەڵاو دەکات.

هارۆڵد پینتەر شانۆنامەکانی بەبێ هیچ هۆکارێک یان ڕوونکردنەوەیەک دەنووســێت، بەبێ بۆچی و لەبەرئەوەیەک. وەک شیعر و مۆسیقا وان، دیــدەکان پێش ناکــەون، بەڵکو بابــەت و وێنەکان لە خــودی پێوەند و ریزبەندییەکانەوە فۆرم و شــێوازی خۆیان وەردەگرن. لەوانەیە هەموو شــتێک بگەیەنێــت و لەهەمانکاتدا هیــچ مانایەکیشــیان نەبێت، زۆرجار وێنــەکان ژوورێــک، هەڕەشــە، خانــەوادە، ئافرەتەکــە، یادەوەرییەکان دووبــارە دەبنەوە. یان ئەتمۆســفێرەکە، ئەو تــرس و زەندەقچوونە بێ ناوەی کە لە نێوان خودی ترس و پێکەنینەکاندا خۆی شاردۆتەوە. هەندێ جار هەڵوێستە و ڕووداوەکان لەنێوان شانۆ و بینەراندا حاڵەتێکی نائارام سەبارەت بە کامە ڕاستە و کامە درۆیە، کامە واقیعە و کامە ئەندێشەیە،

دروســت دەکات. هارۆڵد پینتەر خۆی بەم شــێوەیە ئەم ڕەوشەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ( کە پەردە لەسەر یەکێک لە شانۆنامەکانی من لادەبرێت، ڕووبەڕووی هەڵوێســتە و دۆخێک دەبیتەوە، دۆخێکی تایبەتمەند، دوو کەس لە ژوورێکدا دانیشــتوون، شتێک کە لەوەوبەر ڕووینەداوە، بەڵام لــەم چاوتروکانــەدا ڕووئــەدات. دەرگایەک لــە چ ئان و ســاتێکدا بێت دەکرێتەوە و کەسێک دێتە ژوورەوە. ئێمە زۆر حەز دەکەین کە بزانین ئەو کەســە کێیە، زۆر حەز دەکەین کە راستەوراست بزانین ئەو کەسە بــە تەواوەتــی بیر لەچی دەکاتەوە و بۆچی هاتۆتــە ژوورەوە، بەڵام لە واقیعدا چەندە دەزانین کە کەسێک بیر لە چی دەکاتەوە و ئەو کەسەش کێیە، چی وای لەو کەسەش کردووە کە ببێتە ئەو کەسە.)

هارۆڵــد پینتــەر لە بنەماکانــی ئەم پرســیارانەوە: لەبەرچــی، چۆن و چییەوە ســترکتوری شــانۆنامەکانی داناڕێژێت، بەڵکو لە دەروازەکانی پرســیارێکی تری ئاســاییەوە (تۆ کێیت؟) تۆ کێیت ئەو پرســیارەیە کە فیگور و کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر دەیانەوێت وەڵامەکەی بدۆزنەوە، بێگومان ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ راستییەکانی واقیع.

هارۆڵد پینتەر لەنێو تەوژمەکانی ناتورالیزم و ریالیزمدا دەســوڕێتەوە، شــانۆنامەکانی لەســەر بنەمــا ناتورالیــزم و واقیعییەکانــی هونــەر و ژیــان ڕۆدەنــێ، بــەڵام ناتورالیزمی هارۆڵــد پینتەر شــتێکی جیاواز و تایبەتمەندە بە هارۆڵد پینتەر خۆی، ریالیزمی هارۆڵد پینتەر ریالیزمێکی ئەندێشــەئامێزە و لە بنەماکانی شــانۆیەکی ئەبسوردا دەسوڕێتەوە و چەمک و مۆرکــی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئــەو توانا مەزنەی کــە هارۆڵد پینتەر هەیەتی لە رۆچوونە خوارەوە بۆ دیــوی ناوەوەی ڕووداوەکانی شــانۆنامەکانیدا. کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر بەردەوام لە چاوەڕوانیی ئەوەدان کە بدوێن یان بە واتایەکی تر ڕێگایان پێبدرێت کە بدوێن، کە دەشدوێن بە هیچ شێوەیەک ڕوو ناکەنە بینەران، زۆرجار بەنێو دەروونی خۆیاندا ڕۆدەچنە خوارەوە، دابڕاون و هیچ پەیوەندییەکیان بە دەوروبەرەکەی خۆیانەوە نییە، لەهەمانکاتدا ئەو کارەکتەرە تەنیایانە هێندە وورد، راســتەوخۆ و قووڵ بەســتراونەتەوە بە ژیانی ڕۆژانەوە، بینەران هەروەک ئەوەی ڕۆڵی کۆمەڵێک کەسایەتی راســتەقینەی ژیانی واقیعی ببینن، وەهایــە. هارۆڵد پینتەر لەم ڕووەوە

دەڵێت ( ئەوەی لەناو شانۆنامەكانی مندا ڕوودەدات شتی واقیعییە، بەڵام ئەوەی من دەیكەم ریالیزم نییە.)
هارۆڵد پینتەر تەنها دووپاتی ئەوەمان بۆ ناكاتەوە كە ئێمە لەژێر گوشار و هەڕەشەیەكی ئەبەدی، ناوەكی و دەرەكیدا دەژین، بەڵكو ڕووبەڕووی هەستوسۆزێكی تاریكی سامناكمان دەكاتەوە كە لە ناوەوەی دەروون و جەستەی خۆماندایە. ئێمە لەو تاریكییە ترسناكەی دەروونماندا لە جەنگێكی بەردەوامداین لەگەڵ خۆمان و ئەوانیتردا، لەو تاریكییەدا هەموو شتەكان دەبنە پرسیار، هەموو شتەكان بەبێ وەڵام دەمێننەوە، هیچ كەسێكیش رزگاری نابێت و هەموو شتەكانیش تێكدەشكێن. لەپڕ كەسێك دەردەكەوێت و هەموو شتەكان هەڵدەگێڕێتەوە، یان دەبێتە جێگای مەترسی و هەڕەشەیەكی گەورە.
هارۆڵد پینتەر زۆر زیرەكانە ژیانی هەژاران، ژیانی ئەو مرۆڤانەی كە لە دەرەوەی دەزگا كۆمەڵایەتییەكاندا توندكراون، دەنەخشێنێت. لەهەمانكاتدا ژیانە بێ باك و ڕواڵەتئامێزەكەی دەوڵەمەندانیش دەخاتە ڕوو. شانۆنامەكانی هارۆڵد پینتەر تەنها خستنە ڕوویەكی بەرزی كۆمەڵگای هاوچەرخ و ژیان و گوزەرانی چینی بۆرژوا نییە، بەڵكو زۆر بە ووردی هەموو كولتوور و باری ئابووری و كۆمەڵایەتی و ئاستە جیاوازەكانی كۆمەڵگەی ئینگلستانی دوای جەنگ بەرجەستە دەكات. یەكەم بەرهەمە ددانپێدانراوەكانی هارۆڵد پینتەر زۆر بە ئاشكرا لە مەدارێكی نزیك بە جیهانی سامۆیل بێكێتدا دەسووڕێنەوە، كارەكتەرەكانی هارۆڵد پینتەر، چیرۆك و بنەما فیكرییەكانی نزیكە لە بێكێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بكرێت ئەمەیە كە هارۆڵد پینتەر بە پێچەوانەی سامۆیل بێكێتەوە توانیویەتی ئەو كارەكتەرانە لەو بارودۆخە ئەبستراك و هێماگەرییەی سامۆیل بێكێتەوە بگوێزێتەوە بۆ ناو بارودۆخێكی ئاشكرا و واقیعی ژیانی ڕۆژانە و ناو ماڵی خێزان و كۆمەڵگای ئینگلیزییەوە1. لە شانۆنامەی (ژوور) دا خانمێك (روز) بە بەردەوامی باسی ژوورە دڵگیرە خۆشە ڕازاوەكەیان دەكات، بەڵام ئەم خانمە و بینەرانیش هەست بە دڵتەنگی ئەو ژوورە دەكەن و وەك بەندیخانە دەیبینن.

## *گەڕانەوە بۆ نیشتمان

شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ نیشتمان) یەکێکە لە شانۆنامە چڕ و تەمومژاوییەکانی هارۆڵد پینتەر لەسەر ئاستێک و ڕوون و ئاشکرا لەسەر ئاستێکی تر و یەکێکیشە لە شانۆنامەکانی قۆناخی بەرایی ئەم نووسەرە و لە ساڵی 1964 دا نووسراوە2. پیاوێک کە مامۆستای زانکۆیە لە ئەمەریکا و لەگەڵ ژنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەندەن و بۆ ماڵی باوکی. باوکی و دوو برا و مامی بەبێ ئافرەت بە سەڵتی دەژین.

**تاریکی**

**ڕووناکی**

شەو. تێدی و روس لەناو دەرگای ژوورەکەدا وەستاون. هەردووکیان زۆر پۆشتە و ڕێکپۆشن – جلەبەرگی ڕەنگ کاڵی هاوینە و پاڵتۆی بارانی ڕەنگ کاڵیشیان لەبەردایە. دوو جانتاش بە تەنیشتیانەوە دانراوە. دەڕواننە ژوورەکە. تێدی یاری بە کلیلەکانی دەستی دەکات، هەڵیدەدات بە ئاسماندا و دەیگرێتەوە، زەردەخەنە دەیگرێ.

تێدی

ئا، دەرگاکە کراوەیە. (وچان) ئەوان کێلونەکەیان نەگۆڕیوە. (وچان)

روس: کەس لێرە نییە.

تێدی: (تەماشای سەرەوە دەکات) نوستوون. (وچان)

روس: دەتوانم دانیشم؟

تێدی: بێگومان.

روس: من ماندووم. (وچان)

تێدی: دە دانیشە. (روس هیچ ناجوڵێتەوە) ئەوە کورسییەکەی باوکمە.

روس: ئا ئەوە؟

تێدی: (بزە دەیگرێ) ئا. ئەوە. بچمە سەرەوە بزانم ژوورەکەم وەکو خۆی ماوە؟

روس: خۆ بە خۆشحاڵییەوە نەچۆتە شوێنێکی تر.

تێدی: من مەبەستم ئەوەیە بزانم تەختی نووستنەکەم لەوی ماوە.

روس: لەوانە کەسێکی تری تیا بنوێت.

تێدی: نەخێر، ئەوان تەختی نووستنی خۆیان هەیە. (وچان)

**شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ نیشتمان) پەردەی دووەم**

هەردوای ساتێک پەیوەندییەکی نامۆ، سەیر، نهێنی، سێکسی، تەمومژاوی، نادیـار لەنێوان ئــەو ئافرەتە (روس) و هەموو پیاوەکانی ناو ئەو ماڵەدا دروســت دەبێــت و کوڕەکەش (تێدی) بە بێدەنگــی، بەبێ جووڵە، بەبێ هەڵوێست لەم گێژاوەدا تەماشای ڕووداوەکان دەکات. لەم شانۆنامەیەدا زۆر بەخێرایی بۆچوونەکان، هەست و سۆزەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، کەســایەتییە فرۆیدییەکان لە گەمەیەکی ترسناکی دەسەڵاتی نێوان کارەکتەرەکاندا دەردەکەوێت.

ژوورێکی دانیشــتنی ئاســایی رۆژانە، کەلوپەل و کورســی و هەموو شــتەکانی تر زۆر بە ووردی و بە شــێوازێکی واقیعی دەسنیشانکراوە، ئەوەی لە ســەرەتادا ڕوودەدات، دووبارەبوونــەوەی دیالۆگەکان و بە هەمان شــێوە لە دواییشــدا دووبارە دەکرێتەوە، بەم شێوەیەش ئەوەی لەوەوپێــش وتــراوە، ڕوویــداوە، ســەرلەنوێ دووبارە دەبێتــەوە و لە ڕووداوێکی نوێ و شتێکی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت.

ئــەم خانەوادەیــە و لە ڕوانگەی ڕووداوەکانەوە پەردە لەســەر خۆیان هەڵدەماڵــن، بــاوک و کوڕ، برا و برا، کوڕ و برازا ڕووبەڕووی یەکتری دەکاتەوە، بەڵام وەک تراژیدیای خانەوادە گریکییەکان یەکتر ناکوژن و لەبری ئەوە خۆیان ئەدەن بەدەســت ســاتەوەختەکانی ئەو ئێوارەیەوە. پەیوەندییــەکان لەســەر بنەمایەکی توندوتیژ ڕۆنراون و ســنوورەکانی نێوان وشــە و بێدەنگی هەڵدەگیرێت. (تێــدی) دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی کــەس پێویســتی بەو نییــە، ئەویش پێویســتی بە کەس نییــە، (روس) ئەمێنێتــەوە لەبەرئەوەی هەموو ئەندامانی خێزانەکە پێویســتیان بەوە، ئەویش پێویســتی بەوەیە کە هەســت بکات کە کەســانێک پێویســتییان بەوە.

لــەم شــانۆنامەیەدا زۆر بــە خێرایــی و هەنــدێ جــار کوتوپڕانە ئەو ژووورە واقیعییە دەبێتە گێژاوێکی ڕەش، دەلاقەیەکی بێ ئامان و هەموو شــتەکان ڕاپێــچ دەکات بۆ ناوەوە، بــۆ دەرەوە، بۆ ژێــرەوە و هەموو مــەرزەکان: ئاکاریــی، کۆمەڵایەتیی، دەروونیی، واقیعیی تێکدەشــکێنێ، ئەمــەش جیاوازییەکــی گەورەیــە لەنێــوان هارۆڵــد پینتەر و ســامۆیل بێکێتدا. دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکانیش مەودایەکی قووڵ دەبەخشێتە چەمکــی کات و کاتە جیاوازەکانــی ڕووداوەکان و ڕامانی تێپەڕبوونی

کاتیــش. زوربەی رەخنەگــران وەک شــانۆنامەیەکی دوژمنکارانە دژی ئافرەت ئاماژە بۆ شــانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ نیشــتمان) دەکەن، پیاو و کۆمەڵگای پیاوســالاری و جیهانی پیاو و بۆچوونەکانی پیاو سەبارەت بــە ئافرەت بەرجەســتە دەکات. بەڵام میکایل بیلینگتۆن کە پســپۆڕە لە جیهانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا و چەندین کتێبی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی هارۆڵد پینتەر نووسیون، بۆچوونێکی پێچەوانەی سەبارەت بــەم شــانۆنامەیە هەیە. میکایــل بیلینگتۆن ئەوە دووپــات دەکاتەوە کە شــانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ نیشــتمان) ئاماژەیەکی گەورەی فێمینســتییە و کارەکتەری (روس) کە تەنها کەســایەتی ئافرەتی ناو شــانۆنامەکەیە، گەمەیەکــی بە پــلان دەکات و هەموو پیاوەکان بەو شــێوەیەی کە ئەو دەخوازێ هوڵدەسوڕێنێ.

هارۆڵد پینتەر بەم شــێوەیە باسی چۆنییەتی نووسینی ئەم شانۆنامەیە دەکات (من هەمیشە کە دەست دەکەم بە نووسینی شانۆنامەیەکی نوێ، بیچمەکانم، کارەکتەرەکانم ناو دەنێم A, B, C . ئەو شــانۆنامەیەی کە بوو بە (گەڕانەوە بۆ نیشتمان) بەم شێوەیە سەری هەڵدا. پیاوێکم بینی دێتە ژوورێکی ســاردەوە و پرســیارێکی لە پیاوێکــی لە خۆی گەنجتر کــرد کە لەســەر کورســییەکی قەبــەی ناقــۆڵا دانیشــتووە و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی پێشــبڕکێی ئەســپە. هەســتم کرد A باوکە و B ش کوڕییەتــی، بــەڵام هیــچ بەڵگەیەکم بە دەســتەوە نەبوو. ئەمە هەردوای ســاتێکی کورت بۆم دەســەلمێت، B (کە دواتــر ناوی دەبێتە لێنــی) بــە A (کە دواتر نــاوی دەبێتە ماکس) دەڵێت: (بابە، ئاســاییە کە باسەکە بگۆڕین؟ دەمەوێ پرسیاری شتێک بکەم. ئەو خواردنەی ئێستا خواردمان ناوی چی بوو؟ تۆ ناوی چی لێدەنێیت؟ بۆ نارۆیت و سەگێک بۆ خۆت بکڕیت؟ ئەوە خواردنی ســەگە کە تــۆ لێیدەنێیت. بێگومان، تۆ لــەو بڕوایەدای کە خواردن بۆ کۆمەڵێک ســەگ ئامــادە دەکەیت.) هەر لەبــەر ئــەوەش کە B بــە A دەڵێت: (بابە) بۆیە شــتێکی سروشــتی و ئاســاییە کــە ئــەو دووانە ببنە بــاوک و کوڕ. زۆر ڕوون و ئاشــکراش دەردەکەوێت کە A خواردنەکــەی ئامادەکردووە، هەروەها خواردنێکی بەتــام و خۆش نەبووە. ئەمەش مانای وایــە کە چ دایکێک بوونی نییە؟ ئەوەم نەدەزانی. بەڵام وەک خۆم لە خۆم پرســی بوو: ســەرەتاکانمان

هیچ دەربارەی کۆتاییەکانمان نازانێ.

## گەمەی دەسەڵات

لــە هەموو دیمەنێکی شــانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا بە ڕوونی گەمەی دەســەڵات لــە ڕوانگــەی زمــان و بەکارهێنانــی دەســتەواژە و وشــە هەڵبژاردراوەکانییــەوە دەبینرێــت. جیهانێکــی نائارامــی تۆقێنــەری پڕ لــە هەڕەشــە هەیە، لــەم نائارامییــەدا کارەکتەرەکان لەژێــرەوەن، یان لــە ســەرەوەن، بەڵام هەرگیز دەســەڵات لە یەک جێــگادا جێگیر نابێت، بەڵکــو چەمکی دەســەڵات وەک گەمەیەکی ســەیر لە کەســایەتییەکەوە دەگوێزرێتــەوە بۆ کەســایەتییەکی تر و ئەوەی ئەمڕۆ براوەیە ســبەی دۆڕاوە. کەس لە کەس دڵنیا نییە و کەس بڕوای بە کەس نییە و هەموو کەسێکیش نهێنییەکی حەشارداوە، ئەوەی جێگای سەرنجە نە خوێنەر و نە بینەرانیش و تەنانەت خودی کارەکتەرەکانیش نازانن ئەو شتە نهێنی و شاراوەیە چییە3.

گەمــەی دەســەڵات بە بەردەوامی لــە هەموو شــوێنێکدایە، بۆ نموونە لەنێــوان ژن و مێردێکــدا، کارەکتەرێکــی کۆمیدی لە شــانۆنامەی (یار) یــان وەک گەمەیەکــی پەیوەندییەکان لە شــانۆنامەی (بــێ وەفایی). لە شــانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) دا گەمەی دەسەڵات دەگاتە ئاســتی ترۆپک، لەپڕ دوو پیاو، گۆڵدبــاری و ماکان لە هیچە، هەروەک قارچک هەڵدەتۆقێن و هەموو شــتەکان هەڵەوگێڕ دەکەن. شــانۆنامەکە زۆر نزیکە لە جیهانی کافکاوە. بێگومان گەمەی دەسەڵات لەزۆر دیمەن و شــانۆنامەکانی تری هارۆڵد پینتەردا مۆتیفێکی سیاسی لەخۆدەگرێت، باسی شــەڕ، چەوسانەوە، چەوسانەوەی هەژار و بێلانەکان دەسەڵاتی داگیرکەر دەکات.

هارۆڵــد پینتــەر بــە شــێوازێکی بــەرزی نەبینــراو، کەســایەتی و ڕووداوەکان دیــاری دەکات و لەهەمانکاتــدا دەیبەســتێتەوە بە ئاســتە جیاوازەکانــی واقیعــەوە. کارەکتەرەکانــی لــە گەڕانێکــی بــەردەوام و دەستنیشــانکردنی یەکتردان و هەمیشە لەمیانەی میکانیزم و گەمەیەکی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتەوە لە بەراوردکارییەکی ورددان لەگەڵ یەکتری. یادەوەرییــە دێرینــەکان لە گەمــە و ڕووداوەکانــدا یادەوەرییەکی نوێ

و بیرخستنەوەیەکی نوێ و جیاواز لە ئێستادا دروست دەکات. بەم شێوەیەش هەموو بیرەوەری یادەوەرییەکان بنەمایەکی قووڵ و فرە مانا لەخۆدەگرێت. چەندە شانۆنامەکەش بەرەو پێشەوە بچێت و کات زیاتر تێپەڕێت، هێندەش حاڵەتەکان زیاتر قووڵ دەبنەوە و دەچنەوە یەک.

هارۆڵد پینتەر لە شانۆنامەکانیدا زۆر بە وردی باس لەو بێتواناییە دەکات کە لە پەیوەندییەکانی نێوانماندایە، لە نەمانی پەیوەندی و ڕازینەکردنی یەکتری، لەو بارە ئاڵۆزەی هاوسەریێتی، هاوڕێ و هاوکارەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، لەو بارە پڕ لە ڕواڵەتەی کە حەز و ئارەزووەکانمان بەرەو دنیایەکی نادیار و لەرزۆک دەبات. هەندێک پەیوەندی زۆر قەشەنگە، لەبەرئەوەی لەسەر درۆ و دەلەسە بنیاتنراوە، کەی ئەو درۆیانەش ئاشکرابوون و پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵرا، ئەوا هەموو شتەکان، ناشیرین، قێزەون و ناقۆڵا دەبن، هیچ گەرەنتییەک نییە و کردارەکانیشمان لەوەبەر دیاریکراوە.

## خۆڵەمێش

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی 1996 دا شانۆنامەی (خۆڵەمێش) دەنووسێت، شانۆگەرییەکە هەرچۆن لە تاریکیدا دەست پێدەکات، بەهەمان شێوە لەتاریکیدا تەواو دەبێت، ژوور و باخچەکەی دەرەوە تەنها دەبنە تاریکی. پێش ئەوەی هیچ وشەیەک بگوترێت، زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ ڕووناکی دادەگیرسێنرێت، بەڵام هەموو ژوورەکە ڕووناک ناکاتەوە.

(ڕەبێکا) هەروەک سەرمای بێت، لەسەر کورسییەکە گرمۆڵە بووە، (دێفیلین) یش بە پەرداخێک شەرابەوە بە پێوە ڕاوەستاوە. دیالۆگەکان وا دەستپێدەکەن هەروەک ئەوەی کارەکتەرەکان لە گەرمەی گفتوگۆدا بن، یان باسی شتێک بکەن کە لەوەبەر هەزارجار دووبارەیان کردبێتەوە.

دیالۆگ و تێکستەکانی ئەم شانۆنامەیە زۆر تایبەتن، لە شتی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەوە بۆ ڕەوشە چڕ و زەحمەتەکان، لە ساکارەوە بۆ ڕاز و نهێنی دەڕوات4.

ڕووناکی چراکە بە تەواوەتی داگیرساوە، بەڵام ژوورەکە ڕووناک ناکاتەوە. دێفیلین بە پێکێ شەرابەوە وەستاوە. ڕەبێکا دانیشتووە.

بێدەنگی
ڕەبێکا: ئا .. هەر بۆ نموونە ... ئەو بە مشت داخستنەوە بەسەر سەرمەوە ڕاوەستاوە. دوای ئەوە دەستەکەی تری خستە سەر شان و ملمی دەگرت و سەرمی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا. مشتە نووقاوەکەی ... دەینووسان بە دەممەوە. ئەیووت: (دەستە نووقاوەکەم ماچ بکە).
دێفیلین: ماچت کرد؟
ڕەبێکا: ئا، بەڵێ. من دەستە نووقاوەکەیم ماچ کرد. مستەکۆڵەکانی. دوای ئەوە دەستەکانی دەکردەوە و لەپی دەستی دەدامێ .... تا ماچی بکەم ... منیش ماچم کرد. (وچان) دوای ئەوە من قسەم کرد.
دێفێلین:چیت وت؟ ج شتێکت وت؟ چیت وت؟ (وچان)
ڕەبێکا: من وتم: (دەست بنێرە بینم.) من لەژێر لێوەوە لەناو دەستیا، لەکاتێکدا کە ماچم دەکرد. بەڵام ئەو گوێی لە دەنگم بوو، ئەو گوێی لەوە بوو لەنێوان دەستییەوە، ئەو گوێی لەوە بوو. (بێدەنگی)

## شانۆنامەی (خۆڵەمێش)

ژن و پیاوێک (ڕەبێکا و دێفیلین) بەرەو دابڕان و جیابوونەوە دەڕۆن، ئافرەتەکە بیرەوەری ئێجگار توندوتیژ و تاڵی هەیە و ژیانی ڕابردووی چەوسانەوەیەکی بەردەوامە بۆ ساتەکانی ئێستای. ڕابردوو بوونێکی بێزارکەر و ناقۆڵای هەیە و کارەکتەرەکان هەڵدەسووڕێنێت و ناچاریان دەکات کەسایەتییەکان، شوێن و تەنانەت کەلوپەلەکانیشیان بگۆڕنەوە.
هارۆڵد پینتەر بۆ یەکەم جار لەم شانۆنامەیەدا باسی قەڵاچۆکردنی جولەکە دەکات، هەستی بە کۆمەڵ و یادەوەرییەکان لە بێدەنگییاندا، لە تاریکیدا دەبریسکێنەوە و قەڵاچۆکردنی ڕەگەزی جولەکەمان لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا دەهێنێتەوە یاد، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو کارەساتە بکات.
بێدەنگی لەم شانۆنامەیەدا تەنها لەنێوان دیالۆگی کەسایەتییەکاندا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەیر لەنێو خودی دیالۆگەکاندایە، کارەکتەرەکان لە ڕوانگەی دووبارەکردنەوەی پرسیارە بێ وەڵامەکانەوە و بە شێوەیەکی ئەبسورد دەبنە دیالۆگی بێدەنگ، بێدەنگییەکی ترسناک.
بێدەنگی ڕەبێکا دەبێتە ئامرازێکی گوزارشتئامێز لە خودی ئەو

هەســتەی کە مانا شــاراوەکانی لەخۆدەگرێت، ڕەفتاری کارەکتەرەکان لەنێو بێدەنگییەکەدا مانا شــاراوەکان، دیوی دووەمی دیالۆگەکان و ئەو ترســەی کە لە دیوی دووەمی، یان ناوەوەی تێکســتەکەوە بەرجەســتە دەبێت.

هارۆڵد پینتەر پێشــنیاری ئەوەی کردووە کە شــانۆنامەی (خۆڵەمێش) لەژێر ئاودا نەمایش بکرێت، ئافرەتەکە (ڕەبێکا) هەروەک ئەوەی کەوتبێتە بنی دەریایەکەوە، خەریکە بخنکێ، پەلە قاژێیەتی و دەســت رادەکێشێت تا کەســێک بــە هانایەوە بێت، یان شــتێک کە خۆی پێــوە بگرێ، بەڵام بێهودەیە. ڕەبێکا بەبێ یارمەتی لە تەقەلای ڕزگاربووندایە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین دەســەڵات، خۆشەویســتی و دادپەروەری بە شــێوەیەکی ئاشکرا و لەسەر سێ ئاســت: کەسیی، فەرمی و گلۆباڵ لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا ڕەنگیان داوەتەوە. یەکەم قۆناخی کە بە شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ نیشتمان) کۆتایی دێت، زیاتر ئاستە کەسی و تایبەتییەکەی دەگرێتە خۆ و لەهەمانکاتدا ڕووبەڕووی چینی خوارەوە و ناوەندی کۆمەڵگا دەبێتەوە. لە (خاکی بێ خاوەن، سەردەمی بەسەرچوو و بــێ وەفایــی) دا ژیانە تایبەت و کەســییەکە ڕێچکەیەکی کۆمەڵایەتی، لــە بنەمایەکی هونــەری و ئەدەبی و تەکنیکێکی بــەرزدا لەخۆدەگرێت، یادەوەریی، خۆشەویستی و لەدەستدانی بەها جوانەکانی خۆشەویستی سیمایەکی ئاشکرای شانۆنامەکانی ئەم قۆناخەن.

ژووره داخــراوە تاریکەکانــی بەرهەمەکانی ســەرەتای، لەم قۆناخەدا، تەنانەت بەڕووی کۆمەڵگا نێونەتەوەییەکاندا دەکرێتەوە و هارۆڵد پینتەر ئەوە دەخاتە ڕوو کە هیچ خۆشەویستییەک بەبێ یەکسانی و دادپەروەری، بنەماکانی خۆشەویستییەکی پاک و ڕاستەقینە لەخۆناگرێت.

## پەراوێزەکان:

1. هارۆڵد پینتەر بە چاوێکی بەرز و ڕێزێکی گەورەوە دەڕوانێتە سامۆیل بێکێت و لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا بۆ تەلەفزیۆنی BBC و لە ساڵی 1990 دا، بەم شێوەیە باسی یەکەمین دیداری خۆی لەگەڵ بێکێتدا دەکات:" یەکەم جار لە ساڵی 1961 دا لە پاریس و لەکاتی نەمایشکردنی شانۆنامەی (سەراییدار) دا سامۆیل بێکێت-م بینی. هاتە هۆتێلەکە و بە ڕاستی هەر زۆر خێرا دەڕۆیشت بەڕێوە. هەنگاوەکانی گورجوگۆڵ و بە شێوەیەکی کورت و خێرا تەوقەی لەگەڵ کردم. کەسێکی ڕووخۆش بوو، بەڵام من هەرگیز نەمدەتوانی ئەوە بهێنمە بەرچاوی خۆم کە ئەو هێندە شۆفێرێکی چاونەترس بێت. هەموو شەوەکە ئۆتۆمبێلە بچووکە مارکە سترۆنەکەی لەم بارەوە بۆ ئەو بارِ لێدەخوڕی، هەردەم زۆر خێراش. لە دواجاردا لە شوێنێک گیرساینەوە و کاتژمێر چواری سەرلەبەیانی شۆربای پیازمان خوارد، من بە تەواوەتی ماندوو بووم- پێموابوو بەهۆی شەراب خواردنەوە و جگەرەکیشان و وروژانی هەموو شتەکانی ئەو شەوەوە - هەروەها ئازاری سکیشم هەبوو، قورگم دەئێشا، سەرم خستە سەر مێزەکە و خەوم لێکەوت. کە خەبەرم بۆوە، ئەو لەوی نەمابوو، نەشمدەزانی بۆ کوی چووە، بیرمکردەوە لەوانەیە هەمووی خەونێک بووبێت. لەو بڕوایەدام کە لەسەر مێزەکە خەوم لێکەوتبێت و ئەو لە ژوور سەرمەوە ڕاوەستابێ. زەرفێکی بچووکی بە دەستەوە بوو، وتی:" هەموو پاریس گەڕاوم تا ئەمە بدۆزمەوە، لە ئەنجامدا دۆزیمەوە." زەرفەکەی کردەوە بیکاربۆناتی هەوێنی تێدابوو کە موجیزەی نوواند.

2. شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ نیشتمان) لە ساڵی 1965 دا و لەسەر شانۆی شاهانەی شەکسپیر و لە ڕێژی پیتەر هاڵ نەمایشکراوە.

3. شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر چەندە لەکاتی نەمایشکردنیاندا بینەران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن هێندەش خوێندنەوەیان، خوێنەران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و ئەمەش بارێکی تایبەتمەندە بە جیهانی شانۆ، چونکە خوێندنەوەی شانۆنامە هێندە سەرنجڕاکێش نییە. شانۆنامە بۆ ئەوە دەنووسرێت تا لەسەر شانۆکان نمایش بکرێن، بەڵام هارۆڵد پینتەر دەکرێت بەوپەڕی جێژەوە بخوێنرێتەوە.

4. (خۆڵەمێش) یەکێکە لە کورتە شانۆنامە یەک پەردەییەکانی هارۆڵد پینتەر و هەر خۆیشی لە ساڵی 1996 دا وەک ڕیژیسۆر و لەسەر شانۆی Court Royal کاری تێداکردووە.

## بەشی چوارەم

# سیاسەت لەشانۆی هارۆڵد پینتەردا

گویس: (هەڵدەستێ) ئەو کەی پەیوەندیمان پێوە دەکات؟
بێن: (دەخوێنێتەوە)
گویس: کەی پەیوەندیمان پێوە دەکات؟
بێـن: ئەوە چیتـە؟ لەوانەیـە لەهــەر کاتێکـدا پەیوەندیمــان پێوەبکات. لەهەرکاتێکدا.
گویس: (دەچێتە لای ئەوســەری قەرەوێڵەکەی بێن- ەوە) ئا، دەمەوێت دەربارەی شتێک پرسیارێکت لێبکەم.
بێن: چ شتێک؟
گویس: هەســتت بەوە کردووە کە ئەو دەفــرە چەند کات دەخایەنێت تا پڕ بێت؟
شانۆنامەی (لە چاوەڕوانی وێلسۆندا)
هارۆڵـد پینتەر هەرچەندە هەموو شــانۆنامەکانی، هــەر لە پەنجاکانەوە تا ئێســتا جیهانێکی سیاســی و مۆرکێکی بنەما فراوانەکانی سیاســەت بەخۆوە دەگرێت، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە نووسینی شانۆی سیاسی.

لەم قۆناخەدا مەسەلە سیاسییەکان پەیامێکی ڕاستەوخۆ و زەنگێکی وووریاکردنەوەی مەسەلە مرۆڤایەتییەکان و مافی ئازادی ڕادەربڕین و پرۆسەی دیموکراتی و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دەخاتەڕوو. دەوڵەمەندی ناوەڕۆک و جۆراوجۆریی شانۆنامەکانی، پانتاییەکی گەورەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی جیاواز لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە لە هەموو شانۆنامەکانیدا دەتوانین هێڵێکی ڕەخنەگرانەی فراوان دژی درۆ و دەلەسە سیاسییەکان، زمانی سیاسەتمەداران و چەواشەکردنی خەڵکی و دەسەڵاتی کەمینە بەسەر دید و بیرکردنەوەی زۆرینەوە ببینین.
گەر کەسایەتییەکانی باسی شیعر، تۆپی پێ، خۆشەویستی یان توندوتیژی بکەن، بنەمایەکی سیاسییان لەپشتەوەیە. لەهەموو دیمەنێکدا کارەکتەرەکان لەسەر شتێک ڕێککەوتوون. هەندێ جار نازانین ئەو شتە چییە و نەبینراوە، هەر بەو پێیەش دەچنە ناو ڕۆڵەکانیانەوە و ئاستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان دابەش دەکەن. بەڵام لەپڕ یەکێک ئەو ڕێککەوتنانە، ئەو پەیمانانە دەشکێنێت و یاسا و ڕێساکان ئاڵوگۆڕ پێدەکات. بەم شێوەیەش ئاستی دەسەڵات و گەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.
زۆرجار مۆتیڤە سیاسییەکان وەک هەڕەشەیەکی کۆمیدی دەردەکەون، لەو مۆتیڤەدا زمان دەبێتە چەکێکی ڕاستەوخۆ دژی دەسدرێژی، بیانوو، بەهانە و ئازاردان.
هارۆڵد پینتەر ئەو شانۆنامانە وەک مێتافۆر بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەت دەبینێت، دەسەڵات و دیکتاتۆریەتیش چەندین جۆریان هەن : دەسەڵاتی دەوڵەت، خانەوادە، کۆمەڵگا و ئایین. لەزۆر شوێندا تەقەلای دۆزینەوەی ڕووبەرێک، بارستاییەک کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ترەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەرجەستە دەکات. لەم ڕەوشەدا زمان، سێکسوالییەت، ڕاسیزم، مۆراڵ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە بنەمای ئەو کۆنترۆڵ و ململانێ سیاسییە.
گەڕان بەدوای خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، ڕێز و ددانپیانان، زۆرجار بەرەو ململانێ و کێشە و توندوتیژیمان دەبات، حەزی دەسەڵات و خۆسەپاندن بەسەر ئەوانیتردا هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکان. هارۆڵد پینتەر فانتازیا ڕووبەڕووی دەسەڵات

دەکاتــەوە، هەروەها زمانێکی هونەری ڕاســتەقینەی بزوێنەر بەرامبەر سیاسەتمەدارەکان بەرجەستە دەکات، لەخودی ئەو زمانەوە سترکتوری دەسەڵات و پەیوەندییەکان ئاوێزانی یەکتر دەکات.

شانۆ سیاسییەکەی هارۆڵد پینتەر دوورە لەهەر جۆرە پڕوپاگەندەیەکەوە، ڕێگا بــە کارەکتەرەکانی دەدا لە جیهانە شــاراوە و تەلیســماوییەکەیدا گەمەی ناپاکی، هەڵخەڵەتاندن، توندوتیژی و سادییەت بەرامبەر بەوانیتر بکــەن. هارۆڵد پینتەر بەهیچ شــێوەیەک کارەکتەرەکانی بەند ناکات یان نایانبەســتێتەوە بە بیروبۆچوونەکانی خۆیەوە، بەڵکــو کارەکتەرەکانی ئامادەییەکــی بەهێزیان هەیە بۆ بــەراوردکاری و خوێندنەوەی جیاواز. هارۆڵــد پینتەر لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە سیاســەت بێــزاری دەکات ( دەبــێ بڵێم کە سیاســەت لە بەشــێکی زۆر لە ئێش و ئازارەکانمان بەرپرســیارە، من بڕوا بەهیچ جۆرە گوتارێکی ئایدۆلۆژی ناکــەم. ) لــە شــانۆنامەکانی هارۆڵــد پینتەردا مەســەلە سیاســییەکان لــەژووری دانیشــتنەکانەوە، لەناو ماڵەکانەوە ســەرچاوە دەگرێت، لەم ژوورانەدا دیالۆگ و وتووێژەکان ســترکتوری دەســەڵات هەڵدەگرن و دواتر هەر لەو ڕێگایەشەوە لە کۆمەڵگادا ڕەنگ ئەدەنەوە.

هارۆڵــد پینتەر و کارەکتەرە سیاســییەکانی، تەنانەت ئەوانەشــی کە لە هەموو بیرۆکەیەکی سیاســییەوە دوورن، بەسەربەستی ڕێگای خۆیان ئەگرنە بەر.

لە شانۆنامەی (کۆتایی ڕێگا) دا باسی خێزانێکی گەنج دەکات کە بەهۆی جیــاوازی بیــروڕا دەربڕینــەوە دەکەونە بــەر هێرشــێکی توندوتیژی لیپێچینەوەی دەزگاکانی پۆلیســەوە، لە شــانۆنامەی (پرێســکۆنفەراس) یشدا کە لە ساڵی 2002 دا نووسیویەتی، باسی بەڕێوەبەرێکی پۆلیسی دەزگا نهێنییەکانــی وڵاتێکــی دیکتاتــۆر دەکات کە دەبێــت بە وەزیری ڕۆشنبیری. ئەو وەزیرە نوێیەی ڕۆشنبیری لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگــەڵ ڕۆژنامەنووســاندا گاڵتە بــە دەزگاکانی میدیــا و کۆنترۆڵکردن و سانســۆرکردنی دامــودەزگا ڕۆشــنبیرییەکانی ئەو وڵاتــە دەکات و ئامــاژەی ئەوە دەکات کە ئەوانەی جیاوازی بیروباوەڕیان هەیە، دەبێت ئەو بیروباوەڕە جیاوازانە لە ماڵەوە دابنێن ئەگینا سەریان دەخرێتە نێو تەنەکەی میزی شەوانەوە.

وەزیـر: ڕەخنــە لــە رژێم تەنها لــەو کاتانەدا پەســەند دەکرێت – گەر لــە ماڵەوە دایبنێــن. ئامۆژگاری مــن ئەوەیە – لە ماڵــەوە جێیبهێڵن. با لەژێر تەختی نووســتنەکەدا بمێنێتەوە. بەتەنیشــت قەعدەی میزەکەوە. (پێدەکەنێت) ئەوە شوێنی خۆیەتی.
ڕۆژنامەنووس: وتتان قەعدەی میزکردن؟
وەزیر: گەر ئێوە ســنووری خۆتان ڕانەگرن، ئەوا سەرتان دەخەمە ئەو قەعدەی میزەوە. (پێدەکەنێت). (ئەوانیش پێدەکەنن)
شانۆنامەی (پرێسکۆنفەرانس)
ئــەم شــانۆنامەیە چەندیــن ســمبوڵی بەبەهــا و مۆتیڤــی سیاســی و کۆمیدیایەکی ڕەش و ڕەوشــێکی سیاســی کاریکاتێری و واقیعئامێزی ئەو وڵاتانە بەرجەستە دەکات.

## لە چاوەڕوانی وێلسوندا

بەڵام لە شانۆنامەی (لە چاوەڕوانی وێلسوندا) کە یەکێکە لە شانۆنامەکانی ســەرەتای دەسپێکردنی و لە ســاڵی 1957 دا نووسیویەتی، پەیامێکی سیاســی لە بارودۆخێکی پڕ لە چاوەڕاوانی و دڵەڕاوکێ و هەڵوێستەی چاوەڕواننەکراودا بەرجەستە دەبێت1.
(لە چاوەڕووانی وێلسوندا) شانۆنامەیەکی چڕە سەبارەت بە دوو پیاوکوژ (بێن و گویس) لە شاری بیرمینگهام و لەژێرزەمینێکدا چاوەڕوانی بڕیار و ئامــاژەی ســەرکردە، بەڕێوەبــەر یان خاوەن دەســەڵاتێک دەکەن و کارێکی نهێنییان پێســپێردراوە. (گویس) فەرمانەکان جێبەجێ دەکات و (بێن) یش سەرپەرشتی کارەکان دەکات و (گویس) هەڵدەسوڕێنێت. ئەو کەســەی بڕیارەکانیشیان پێدەسپێرێت، ئەوان نەیاندیوە و لەم حاڵەتەدا هەست بە نائارامی دەکەن.
ئــەم دوو کارەکتــەرە کێــن؟ چی دەکــەن، لەچاوەڕوانی چیــدان و لەم ڕەوشــەدا کێ خاوەن دەسەڵاتە؟ هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم دوو کارەکتــەرە بــۆ ماوەیەکی درێــژ پێکەوە کاریان کــردووە و زۆر باش یەکتر دەناســن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زوو بەسەر یەکدا هەڵدەچن، گەمەی ســەردار و نۆکەر، دەســەڵات و بێ دەسەڵات، بەهێز و لاواز دەکەن.

بێن بەتەمەنترە لە گویس، بێن هێمنترە و گویسیش گیانێکی بێ حەواس و پڕ لە دڵەڕاوکێیە، گویس بیروبۆچوونی جیاوازی هەیە و دوودڵە بەرامبەر ئەو ڕەوشەی کە تیایدا دەژین. دیالۆگی شانۆنامەکەش لە دەروازەیەکی گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەوە، وەک دەنگوباسی ناو ڕۆژنامەکان، نەخواردنەوەی ئەو چایەی کە داوایانکردووە و سەرئاوێکی شکاو، فۆرمی خۆی لەخۆدەگرێت.

بێن: (رۆژنامەکە فڕێ دەدات) ئێ ئێستا! ( ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێتەوە) تۆ دەربارەی ئەمە چی دەڵێیت؟ گوێ بگرە! ( ئەوەی لە رۆژنامەکەدا نووسراوە، دەگێڕێتەوە ) پیرەمێردێکی هەشتاوحەوت ساڵان دەیەوێت لە شەقامەکە بپەڕێتەوە. بەڵام شەقامەکە زۆر قەرەباڵغ دەبێت. نەیدەزانی بە چ شێوەیەک بپەڕێتەوە ئەوبەر. دوایی خۆی خزانە ژێر لۆرییەکەوە.

گویس: وتت چی؟

بێن: خۆی خزانە ژێر لۆرییەکەوە. لۆرییەکی وەستاو.

گویس: نابێ؟

بێن: لۆرییەکە کەوتە کار و بەسەریا ڕۆیشت.

گویس: تۆ بە ڕاستیت نییە.

بێن: لێرەدا ئاوا نووسراوە.

شانۆنامەی (لەچاوەڕوانی وێلسۆندا)

ئەو کارەی کە ئەوان چاوەڕوانی دەکەن، لە سەرەتادا وەک هەموو کارەکانی تریان وایە، بەڵام هەندێ ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی نهێنی، تەمومژاوی دەیانخاتە بارێکی ترس و دڵەڕاوکێ و خۆئامادەکردنەوە، بۆ نموونە کێ لەژێر دەرگاکەوە دەنکە شقارتەیان بۆ دەنێرێتە ژوورەوە؟

گویس: بێن، تەماشاکە.

بێن: ئەوە چییە؟

گویس: تەماشاکە.

بێن: (سەر بادەدا و زەرفەکە دەبینێت. هەڵدەسێتە سەر پێ.) ئەوە چییە؟

گویس: نازانم.

بێن: لەکوێوە هات؟
گویس: لەژێر دەرگاکەوە.
بێن: بەڵام ئەوە چییە؟
گویس: نازانم. (هەردووکیان چاویان تێبڕیوە.)
بێن: هەڵیبگرەوە.
گویس: مەبەستت چییە؟
بێن: هەڵیبگرە.
گویس: (زۆر بەهێواشــی بــەرەو زەرفەکە دەجوڵێــت، دادەنەوێتەوە و هەڵیدەگرێت)
بێن: ئەوە چییە؟
گویس: زەرفێکە.
بێن: هێچی لێ نووسراوە؟
گویس: نەخێر.
بێن: داخراوە؟
گویس: ئا.
بێن: هەڵیبچڕە.
گویس: چی؟
بێن: هەڵیبپچڕە!
گویس: (هەڵیدەپچڕێت و تەماشای ناوی دەکات)
بێن: چی تێدایە؟
گویــس: (دوازدە دەنکە شــقارتە ڕۆدەکاتە ســەر لەپی دەســتی) دەنکە شقارتە.
بێن: دەنکە شقارتە؟
گویس: بەڵێ.
بێــن: با تەماشــای بکــەم. (گویس زەرفەکــەی ئەداتە دەســت. بێن لێی دەڕوانێت) هیچی لێ نەنووسراوە. یەک وشە چییە لێی نەنووسراوە.
گویس: ئەوە شتێکی زۆر سەیر نییە؟
بێن: لەژێر دەرگاکەوە هاتە ژوورەوە؟
گویس: دەبێ وا بووبێت.
بێن: دە بکەوە خۆت.

گویس: بۆچی بکەومە خۆم؟
بێن: دەرگاکە بکەوە و تەماشا بکە بزانە کەس لە دەرەوە وەستاوە.
گویس: کێ؟ من؟
بێن: دە بکەوە خۆت.
گویس: (لێی ورد دەبێتەوە، دەنکە شقارتەکان دەخاتە گیرفانییەوە، دەچێتە لای قەرەوێڵەکەوە و دەمانچەیەک لەژێر سەرینەکەی دەردەهێنێ. بەرەو دەرگاکە دەڕوات، دەیکاتەوە، تەماشای دەرەوە دەکات و دەرگاکە دادەخاتەوە.) کەس لە دەرەوە نییە. (دەمانچەکە دەخاتەوە شوێنی خۆی)
بێن: چیت بینی؟
گویس: هیچ؟
بێن: دەبێت ئەوانە هەر زۆر خێرا بووبن.

## شانۆنامەی (لە چاوەڕوانی وێلسوندا)

ئەم شانۆنامەیە لەگەڵ ئەو مۆتیڤە سیاسی و بارودۆخە نهێنی و گەمەی دەسەڵاتەدا کە بە خۆیەوە دەگرێت، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشەر باسی پەیوەندییە نزیکەکان دەکات، باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە مرۆڤدا ڕوودەدات، لەکاتێکدا دەوروبەرەکە گۆڕانکاری کتوپڕانەی بەسەردا دێت.

هارۆڵد پینتەر لەم شانۆنامەیەدا زۆر بە وردی جوڵەی کارەکتەرەکانی دیاریکردووە، چۆنییەتی خوێندنەوەی ڕۆژنامە، بەستنی قەیتانی پێڵاوەکانیان، چوونە سەر تەختی جێگاکانیان، دەرگا کردنەوە، دانیشتن لەوسەری جێگاکە، تەماشاکردنی ژێرسەرین، وەستان و تەمەشاکردنی یەکتری .... هتد. ئەم دیاریکردنی جوڵە و بزاوتنی کارەکتەرانە دۆخێکی چاوەڕوانیئامێز، حاڵەتیکی گرژی و سەرنجڕاکێش لای بینەران دروست دەکات، لەهەمانکاتدا پاڵپشت و یاریدەدەرێکی بەهێزی ئەکتەریشە. دیاریکردنی ئەم جوڵە و بزاوتنە هێندە بە دیقەت و پڕاوپڕ لە جێگای خۆیدا دانراوە، لابردنی بچوکترین جوڵە هاوسەنگی ڕیتم و جوڵەی کارەکتەرەکان تێکدەدات. هیچ ڕیژیسۆرێک ناتوانێ سەرپێچی ڕێنماییەکانی هارۆڵد پینتەر بکات.

هەرچەندە شـانۆنامەکە زۆر ڕەشە، بەڵام ڕووناکییەکی درەوشاوە لەو تاریکییەدا بەدیدەکرێت و هیوای گۆڕانکاری لەپشت دێڕەکانەوە، لەپشت هەڵسـوکەوتی کارەکتەرەکانەوە و لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا هەستی پێدەکرێت.

## زمانی چیا

هارۆڵـد پینتـەر پشـتگیرییەکی گـەورەی لـە خەباتـی ئازادیخـوازی کوردسـتانی باکور کردووە، لە هەموو بۆنەکاندا هێرشی کردۆتە سەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، شۆفێنی و دیکتاتۆریی تورکیای کەمالی2.

ئـەم پشـتگیرییەی هارۆڵد پینتەر دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو بارودۆخەی کە بەچـاوی خۆی بینیویەتی، قەدەغەکردنـی زمانی کوردی، زیندانیکردنی ئازادیخوازان و بێ سەروشوێنکردنی خەڵکی.

هارۆڵد پینتەر بۆ یەکەم جار لەگەڵ شانۆنامەنووسی ئەمەریکی ئارسەر میلـەر (1915- 2005 ) و لـە سـاڵی 1985 دا سـەردانی تورکیـا دەکەن.

هارۆڵد پینتەر ئەم گەشـتەی تورکیا دەقۆزێتەوە بۆ بەسـەرکردنەوەی مەسـەلە گرنگەکانـی مافـی مـرۆڤ و سـەرکوتکردنی گەلـی کورد و دەمکوتکردنی ڕای گشـتی و ئازادیی ڕۆژنامەوانیی. بۆ ئەم مەبەستە و بە نهێنی و بە ئاشکرا پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییە سیاسییە ئازادکراوەکانـەوە دەکات، گفتوگۆ لەگەڵ بەرهەڵسـتکاران دەکات و بە دەنگی بەرز دژی سیاسـەتی ڕەگەزپەرستی و سەرکوتکەرانەی تورکیا دەدوێت3.

ئەزموونی ئەو گەشـتەی تورکیا و پشـتگیریکردنی لە مەسەلەی کورد، شانۆنامەی (زمانی چیا) ی لێ لەدایک دەبێت.

زمانی چیا زۆر بە ڕاشـکاوانە باسی چەوسانەوەی میللەتێک دەکات کە زمانەکەی بە تەواوەتی قەدەغەکراوە4.

ئافرەتە بە تەمەنەکە: نانم پێیە.

پاسـەوان: (دارەکـەی دەسـتی تێوەدەژەنـێ) قەدەغەیـە. ئـەو زمانـە قەدەغەیە.

(ئافرەتـە بەتەمەنەکـە تەماشـای دەکات) ( پاسـەوانەکە دارەکـەی لێ گیردەکاتـەوە) قەدەغەیە. (ڕوودەکاتە زیندانییەکە) پێی بڵێ تا بە زمانی

فەرمی قسە بکات.

**بێدەنگی**

زیندانی: نایزانێ. ئەو ئەو زمانە نازانێ.
ئافرەتە بە تەمەنەکە: سێوم پێیە
پاســەوان: (دارەکەی تێوە دەژەنێت، هاوار دەکات) قەدەغەیە! قەدەغەیە قەدەغەیە قەدەغەیە! ئای خودایە! (ڕوودەکاتە زیندانییەکە) ئەوە تێناگات من دەڵێم چی؟
زیندانی: نەخێر.
پاسەوان: تێناگات؟ (بە سەریدا دەچەمێتەوە) تێناگەیت؟
(ئافرەتە بەتەمەنەکە چاو دەبڕێتە چاوانی پاسەوانەکە)
زیندانی: ئەو بە تەمەنە. تێناگات.

## شانۆنامەی (زمانی چیا)

(زمانــی چیــا) شــانۆنامەیەکی چڕە، بە شــێوازیکی قێــزەون، کورت و توندوتیژ بەرجەســتەی پێکداچوونی خەڵکی شــاخ و دەزگاکانی پۆلیس و ســەرباز دەکاتەوە، لەهەمانکاتدا بە شــێوەیەکی شانۆیی، بێ لایەنانە و راســتەوخۆ بینەران ڕووبەڕووی ئامرازە ســەرکوتکەرەکانی دەزگا پۆلیســییەکان و مۆراڵــی نامرۆڤانــەی ئــەو دەزگایانــە و ڕووداوەکان دەکاتەوە.
هارۆڵد پینتەر ناونیشانی شانۆنامەکەشی (زمانی چیا) وەک ئاماژەیەکی مەجازی لەو بۆچوونە فاشیســتانەیەی تورکیاوە وەرگرتووە کە دەڵێن کورد بوونی نییە و ئەوانە تورکی چیان.
(زمانی چیا) کورتە شانۆنامەیەکی چڕە و لەکاتی نمایشکردنیدا تەنها نیو کاتژمێر دەخایەنێت، بەڵام دەکرێت چەندین کاژێر، کاژێر لەدوای کاژێر بخایەنێت، دەکرێت زەمەن وەســتابێت، دەکرێــت زەمەن زەمەنێکی بێ کۆتا بێت و ڕووداوەکان مەودایەکی ڕەها و هەتاهەتایی لەخۆبگرن5.

## پەراوێزەکان:

1. هارۆلد پینتەر لە سەرەتادا ئەم شانۆنامەیەی بەناوی (شاگردە لاڵەکە) یان (بارمەنە بێدەنگەکە) ەوە نووسیوە و بەناوی (خواردنی پەیژە کارەباییەکەشەوە) وەرگێڕدراوەتە سەر هەندێ لە زمانە ئەوروپییەکان.

2. هارۆلد پینتەر ئەندامێکی چالاکی ئۆرگانی نێونەتەوەیی ئەمنستی و پێن-کلوب بووە و بەرگری لە زۆربەی گەلانی ژێردەستە بۆ نموونە: گواتیمالا، نیکاراگوا، کوردستان، باکووری ئەفەریقا، ڕواندا، سۆمالیا کردووە و زۆر بە توندی دژی شەڕی عێراقیش بووە.

3. باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تورکیا و لەسەر شەرەفی ئارسەر میللەر ئێوارەخوانێکی گەورە لە خانووبەرەی باڵیۆزخانەکەدا ڕێکدەخات، هارۆلد پینتەر یەکێک دەبێت لە میوانەکان و لەبری وتاری بە باقوبریق و درۆ و دەلەسە، بە فاکتەوە هێرشێکی توند دەکاتە سەر تورکیا و پەردە لەسەر ئامرازەکانی گرتن، ئازاردان و کوشتنی زیندانییە سیاسییەکان هەڵدەماڵێت. ئەندامانی باڵیۆزخانە، خودی باڵیۆزی ئەمریکا و میوانە تورکەکان ناتوانن هارۆلد پینتەر بێدەنگ بکەن، ناچار دەیکەنە دەرەوە. ئارسەر میللەریش وەک پشتگیری لەو هەڵوێستەی هارۆلد پینتەر، ئاهەنگەکە جێدەهێڵێت و لەگەڵ هارۆلد پینتەردا دەچێتە دەرەوە. ئەم دوو نووسەرە دواتر پێکەوە بەیاننامەیەک دژی دەسەڵاتی تورکیا بڵاودەکەنەوە.

4. شانۆنامەی (زمانی چیا) بۆ یەکەم جار لە 20/10/1988 دا لەسەر شانۆی نەتەوایەتی لەندەن پێشکەشکراوە. لە ساڵی 1989 دا سەرلەنوێ لە ئەمەریکا و لە شاری نیۆرک نەمایشکراوە.

5. هارۆلد پینتەر دووپاتی کردۆتەوە کە لەکاتی نەمایشکردنی (زمانی چیا) دا کارەکتەرە کوردەکان زمانێکی میللی و باو بەکاربهێنن، پۆلیس و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیش زمانێکی فەرمی.

## بەشی پێنجەم

# زمان لە شانۆی هارۆڵد پینتەردا

**- شانۆنامەی سەراییدار – وەک نموونە**

هارۆڵد پینتەر دیالۆگی شـانۆنامەکانی کۆمەڵێک بیرۆکە و دیدی گرنگ لەخۆدەگرن، بەڵام هەندێک جار ئەو دید و بیرۆکانە لەپشت وشەکانییەوە خۆیان حەشار دەدەن و بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوە، یان لەپڕ لە هەندێک هەڵوێسـتەی تەمومژاوی و نهێنییدا دەبێتە بوونێکی واقیعی، حاڵەتێکی ئاشکرا و هەستپێکراوی نێوانمان.

دیالۆگ و کارەکتەرەکان ڕاستی و واقیعیین، بەڵام کاریگەری بەرئەنجام و کۆتاییەکانی دەبێتە ئەفسـون، نادیار، مەجاز و شـیعرێکی پێکداچوو، ئەمەش وا لە بینەر دەکات تێگەیشـتنی جیـاوازی بۆ دیمەن و تەنانەت دیالۆگەکانیش هەبێت و جۆرە نیگەرانییەک، ترسـێک دروسـت دەکات. ئەمە جگە لەوەی کە زمانە شانۆییەکەی هارۆڵد پینتەر لەسەر ئاستێکی بەرز بوارێکی فراوان بۆ کەسایەتییەکانی دەکاتەوە تا هەوڵی خۆدزینەوە بدەن، زمان تەنها ئامرازێکی گواسـتنەوە و قسـەکردن و ئاخافتن نییە، بەڵکـو زمانەکەی هارۆڵد پینتـەر ئاڵوگۆڕێکی فیکری، فیزیکی لە خودی ژیانی کارەکتەرەکان و پەیوەندییەکانیاندا دروست دەکات.

هارۆڵـد پینتـەر بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئەم هێـزە مەجازییـەی زمان، توێژاڵەکانـی زمـان پـاک دەکاتـەوە، ماناکانـی پشـتەوەی وشـەکان دەخوێنێتەوە و چەمکە دووفاقەکان بەکاردەهێنێت.

هارۆڵد پینتەر بڕوای وایە کە وشە جۆرێکە لە دەمامک، ترس، دڵەڕاوکێ و ڕووتوقووتــی خۆمانی لە پشــتەوە پێ دەشــارینەوە، ئــەو نیگەرانی و ترسەشــی کــە لــە زماندا دروســتی دەکات، لە حاڵەتێکی وەســتاودا نامێنێتەوە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی بەردەوامیان بەسەردا دێت و لە جوڵە و بزاوتدان.

دیالۆگەکانی هارۆڵد پینتەر زۆر بە ســەلیقە نووســراون، بە شێوەیەک هیــچ جۆرە وتوویژێک لەخۆناگرێت، دیالۆگی کورت، هەســت و ســۆز و جۆرێــک لــە غەریزە، پرســیاری بــەردەوام و بێدەنگــی و مرۆڤیش تەنهــا وچانێکــە لەنێــوان کاتەکانــدا. بلیمەتــی هارۆڵد پینتــەر لەنێوان رســتەکانیدایە، گرنگی داهێنانی ئەم نووسەرە لەوەدایە کە ئێمە هەست بە کاریگەرییەکان، بە وزەیەکی شاراوە، بە توانای زمان دەکەین، بەبێ ئەوەی بزانین کە لەکوێوە دین.

لە ڕێگای دانانی بە دیقەتی وشەیەکەوە، یان وچان و بێدەنگییەوە یان بە هێماکردنی ڕەوشــێکی ســاکار و ئاسانەوە کە لە خودی تێکستەکەدا نییە، بەڵام لەم هەڵوێســتانەدا، لە ڕەوشــەکاندا، لە تارمایی وشــەکاندا لەپڕ و لەچاوتوکانێکدا وەبیرمان دێنێتەوە کە ئێمە دەزانین کارەساتێک بەڕێوەیــە. زمانــە چڕەکەی لــە جوڵەیەکی بــەردەوام و فــرە مانادایە، ئەمەش وا لەو شــێوازە ســیکۆلۆژییە ڕیالیزمییە دەکات کە پێودانگ و مۆرکێکــی تایبەت بە هارۆڵــد پینتەر (پینتەریــی) لەخۆبگرێت. زوربەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکانی بواری شانۆش سەرکەوتنی هارۆڵد پینتەر دەگەڕێننەوە بۆ ئــەو ڕۆحە کۆمیدیا و زمانە جیاوازەیەوە، گەرنا تەنها شێوازێکی ڕووتی ڕیالیزمی سایکۆلۆژی مەبەستەکان ناپێکێ.

هارۆڵد پینتەر کۆمیدیا ڕەشــەکەی، ئەفســونی زمانــە جیاوازەکەی لە یەکەیەکــی هونەریــدا ئاوێزانــی ریالیزمــی ســایکۆلۆژی دەکات و بەم شێوەیەش ستركتورێکی تری بۆ شانۆکەی خۆی و بۆ چەمکی شانۆی ریالیزمی سایکۆلۆژی دروستکردووە.

بێدەنگــی و ئاســتە جیاوازەکانــی زمــان مانــای بــێ توانایــی مرۆڤ ناگەیەنێــت لەبەکارهێنانــی زماندا، لــە نەمانــی پەیوەندییەکانی مرۆڤدا، بەڵکــو گەڕانەوەیەکــی تــرە بــۆ بەکارهێنانــی زمــان، قووڵبوونەوەی حاڵەتەکان، بە نهێنیکردنی کارەکتەر و ڕووداوەکان و بەخشینی مانا و

مـــەودا و هێزێکی ترە بە زمان. زۆرجار شـــانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر بـــە مەنەلۆگێکی ناوەکی دەســـت پێدەکات، دوای ئـــەوە هێدی هێدی ون دەبێـــت تا زمـــان دەبێتە تەنها چەنـــد خاڵێکی تەمومـــژاوی و دواتریش لـــە بێدەنگیدا، لەناو وچانەکاندا دیارنامێنێت. زمانەکەی لە هەموو شـــتە لاوەکییـــەکان پاکـــژ دەکاتەوە و لە شـــانەکانی شـــیعر نزیـــک دەبێتەوە، جیاوازییە زمانەوانییەکان وچان و پشـــووەکان دیاریدەکات، تا ڕیتمێکی دیاریکراو و کاریگەرییەکی هەمەلایەن بەدەست بهێنێت.

هارۆڵد پینتەر دەســـەڵاتێکی گـــەورەی لەبەکارهێنانی دیالێکتی ناوچەیی و فۆنەتیکـــە جیاوازەکانـــی زمانـــی ئینگلیزیـــدا هەیە، وشـــەی بازاڕی و زارەکیی خەڵکی و فۆنەتیکە جیاوازەکان و زمانی توێژەکانی خوارەوە، لـــە یەکەیەکـــی یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە، ئەمـــەش گرفتێکی گەورەی بۆ وەرگێڕانەکانی دروستکردووە.

کـــە کارەکتەرێـــک لـــە شـــانۆنامەکانی هارۆڵـــد پینتەردا بـــە دیالێکت و فۆنەتیکێکـــی جیـــاواز دەدوێـــت، لەهەمانکاتـــدا چیرۆکێکـــی تایبەت بەو ناوچەیـــەی بەکارهێنانی فۆنەتیکەکە و بەو کارەکتـــەرەش دەگێڕێتەوە. هەندێک جار ئاستی زمانە جیاوازەکان و بەکارهێنانی فۆنەتیکی ناوچەیی دەبێتـــە پێناســـەیەکی خـــودی بۆ ئـــەو کارەکتەرانە و بەو شـــێوە زمانە دەناسرێنەوە، دەبەسترێنەوە بە ناوچەکانیانەوە، بە ئاستی خویندەواری و چینایەتییانـــەوە و لەهەمانکاتدا دەوڵەمەندی و جۆراوجۆرییەتی زمان دەکاتە بنەمای گەمەیەکی فیکری، دەروونی، کۆمەڵایەتی و شانۆیی.

## تەکنیکی بێدەنگی

هارۆڵـــد پینتـــەر لـــە یەکەمیـــن شـــانۆنامەکانییەوە تەکنیکێکـــی تایبـــەت بەخـــۆی داهێنـــاوە و ئەم تەکنیکـــەش لەماوەی ئەم چل پەنجا ســـاڵەی ڕەوتـــی نووســـینیدا بـــەرەو پێشـــەوە چووە، قـــووڵ بۆتـــەوە و بووەتە مۆرکێکـــی تایبەتمەنـــدی هارۆڵد پینتـــەر و کاریکردۆتە ســـەر زوربەی شانۆنامەنووســـانی جیهانیش. ئەو تەکنیکـــەش بەکارهێنانی (بێدەنگییە) کە بۆتە فۆرم و ســـتایلێکی گرنگی شـــێوازی نووسین و ڕۆڵێکی گرنگی لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا بینیوە، لەو شێوازەدا بە ئاشکرا ئاستە جیاوازەکانی زمان و بەکارهێنانی وشەکان دیاری دەکات.

ئەوەی جیگای سـەرنجە لەو دیاریکردنەی زمان و وشـەکاندا، وچان، بێدەنگـی و شـێوازی بەکارهێنانی دەنگەکان، ڕۆڵێکـی بەبەها و گرنگ دەگێڕێت، بۆ نموونە هارۆلد پینتەر وچانێکی کورت، وچانێکی بچووک، وچـان، وچانیکـی درێژ و بێدەنگی، داخاتە دارشـتە و بونیادی دیالۆگ و نێـوان دیمـەن و سـترکتوری شـانۆنامەکانییەوە. بێگومان وچان و بێدەنگیـش جیاوازی هەیـە و دەبێت ئەکتەر و ریژیسـۆرەکانیش بوار و مەوداکانـی نێـوان وچـان، بێدەنگـی و کورت و درێژیـی وچانەکان بدۆزنەوە.

دەیڤس: لێرە دەخەویت؟ وایە؟

ئەستن: بەڵێ.

دەیڤس: لەکوێ، لەوێ؟

ئەستن: بەڵێ.

دەیڤس: زۆر باشە، لەو سەرما و تەڕییەی دەرێ ڕزگاریت.

ئەستن: با زۆر نایگرێتەوە.

دەیڤـس: باشـترە نەیگرێتـەوە. جیاوازییـەک دەبێت کـە نەهێڵێت بێتە ژوور.

ئەستن: ئەرێ.

دەیڤس: کەواتە هەر با یە کە دێتە ژوور.

**وچان**

ئەستن: ئەرێ، کاتێک کە با هەڵدەکات ...

وچان

دەیڤس: بەڵێ .....

ئەستن: ئم ...

**وچان**

دەیڤس: هەر زۆر سارد و تەڕە.

ئەستن: ئا.

دەیڤس: هەر زۆر هەستیارم پێی.

ئەستن: پێی هەستیاریت؟

دەیڤس: هەمیشە وا بووم.

وچان: ئایا ژووری دیکەت هەن، هەتە؟

ئەستن: لەکوێ؟
دەیڤس: لە پشت ئێرە ... لە سەرەوە.
ئەستن: خراپن.
دەیڤس: وا مەڵێ.
ئەستن: کاریان زۆر دەوێت.

**وچانێکی کەم**

دەیڤس: ئەدی خوارەوە؟
ئەستن: داخراوە. دەبێت چاوێکی لێ بکرێت ... زەوییەکەی ...

**شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەک**

هیچ کەسێک وەک هارۆڵد پینتەر نازانێت بێدەنگی و وچانەکان لە کوێدان و چەند درێژن، هیچ کەسێک ناتوانێ سەد دەر سەد وەک هارۆڵد پینتەر شتەکان بە بێ وشە بڵێت، هارۆڵد پینتەر لەسەر شانۆ دەتوانێت هەموو شتێک بەبێ وشە و بە بێدەنگی بڵێت و شێوەیەک لە شیعرییەتی بێدەنگی بخوڵقێنێت.

پەردە لەسەر ترس و دڵەڕاوکێی ناوەوەی مرۆڤ هەڵدەماڵێت، بەبێ ئەوەی باسی فەلسەفەی بوونگەرایی بکات، چرکەساتە وردەکانی بار و هەڵوێستە و ژیانی رۆژانەی خەڵکی بەرجەستە دەکات، بەبێ ئەوەی ببێتە ئەدەبێکی سروشتیئامێز، لەهەمانکاتدا دووردەکەوێتەوە لە واقیعییەتی واقیع بەبێ ئەوەی ببێتە هێما یان سوریالیزمێکی ساکار و هەرزان.

بێدەنگییەکان هەندیک جار دەبنە پانتاییەکی ئازاد لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و خودی دیالۆگە درێژەکاندا، لەم ڕووەوە دیالۆگ بێدەنگییە و بێدەنگیش دیالۆگە. هەروەها دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکان و هەندێک جار لەنێو وچان و بێدەنگییەکاندا بزاڤێکی جیاواز لەنێوان کات و شوێنەکاندا دەخوڵقێنێت، لەم بزاڤەدا ڕابردوو و ئایندە لە ئێستادا ون دەبێت، ئێستاش دەبێتە پلاتفۆرمێک بۆ گۆڕانکاری و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان کاتە جیاوازەکان و هەڵوێستە جیاوازەکاندا، تەنها لەئێستادا شتەکان ڕووئەدەن، هەندێک جاری تر دیالۆگەکان، کارەکتەرەکان بەرەو بێدەنگییەکی کوشندە دەبەن، دووبارەبوونەوەکان دەچنە بێدەنگییەوە،

بێدەنگییەک کە لەوانەیە تەنها وەڵامی ئەو پرسیارانە بێت کە لە خودی تێکستەکاندایە: گرانی جیاکردنەوەی شتە خودییەکان و جیهانە کۆلێکتیڤەکەی کارەکتەرەکان، ئەمەش لە کۆمەڵگای ئەوروپادا مانای چارەنووس و مێژوویەکی هاوبەش و یەک سەردەم دەگەیەنێت، گرانیی جیاکردنەوە و لەیەکدابڕانی منەکان و ڕابردوو (من و ڕابردوو).

لەو تەکنیکەدا دیالۆگەکان ڕیتم و فۆرمێکی جیاواز لەخۆدەگرن، ڕیتمێک ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر چۆنییەتی نواندنەکە و سەمایەکی ناوەکی و بێدەنگ لە جەستەی کارەکتەرەکاندا دەخوڵقێت، توانای گوێگرتن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی دەنگی بێدەنگی دروست دەکات. شانۆنامەکان هێمایەکی ئاڵوگۆڕی گەورە، چڕ و جیاواز لەنێوان دەنگ و بێدەنگیدا لەخۆدەگرێت، بێدەنگی شتەکان دەگەیەنێت، بەتایبەتیش لەو کاتانەدا کە زۆر زەحمەتە راستییەکان، گەمەی دەسەڵات، هەڵوێستە، ڕەوش و توندوتیژییەکان بگاتە بینەران، بێدەنگی دەیگەیەنێت. هارۆڵد پینتەر سەبارەت بە چەمکەکانی وچان و بێدەنگی دەڵێت ( وچان تەنها وچانە و بەهۆی ئەو هۆکارەوە کە لەناو مێشک و هەناوی کارەکتەرەکەدا ڕوویداوە، بۆ خۆیان لە تێکستەکەوە دێنە دەرێ. ئەوانە ئامرازگەلێکی ئاسودەگی یان ئامرازگەلێکی فشار نین، بەڵکو ئەندامگەلێکی جەستەی کارەکەن. من زۆر بە سادەیی پیشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر ئەوە بە شێوەیەکی کارا ئەنجام بدرێت، ئەوان بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو وچانانە ناچارییە. هەروەها بێدەنگیش بەهەمان شێوە مانای ئەوەیە کە شتێک ڕوویداوە تا مەحاڵبوون لەناو ئاخاوتنی کەسێکدا بروێنێ کە بۆ قەیرێک لە زەمەن شتێکی گوتووە تا لەو چرکەساتەدا بۆیان بکرێ هەناسەیەک بدەنەوە لەبەرامبەر کاریگەریی ئەو شتەی کە لەپێش بێدەنگییەکەدا ڕوویداوە.)

کارەکتەرەکان لە ناوەوە دەجوڵێنەوە، هەندیک جاریش دەبنە ڕواڵەتی دەرەکی بۆ گوزارشتکردن لە دڵەڕاوکێی ناوەکی، هەر لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە دوو جۆر بێدەنگی لەلای هارۆڵد پینتەر بووەتە چەمکێکی گرنگی ئەو فۆرمە: یەکەمیان ئەو بێدەنگییانەیە کە وەک وچانێکی درێژ خۆیان دەئاخننە نێو دێڕ و دیمەنەکانەوە و حاڵەت و بێدەنگییەکی ترسناک لەسەر شانۆ دەخوڵقێنن، جۆرەکەی تریشیان

بێدەنگییەکـی پـڕ لـە دڵەڕاوکـێ و ترسـە کـە لـەلای کارەکتەرەکانی سەرهەڵدەدا.

هەردوو شێوەکەشـیان لە ڕووانگەی دروسـتکردنی، یـان خوڵقاندنی جۆرێک لە هوروژمی وشە، هەندێک جار وشەی بێ ماناش بڵاودەکاتەوە، بـەم شـێوەیەش ژووره چۆڵوهۆڵـەکان بـە دیالۆگـی نالۆژیکیـی، بە دووبارەبوونەوە، بە بێدەنگیی پڕدەکاتەوە، ئەمەش لەڕاسـتیدا جۆرێکە لەخۆدزینەوەی کارەکتەرەکانی لەو شتانەی کە مەبەستیانە بیڵێن.

هەروەهـا وچـان و بێدەنگییـەکان لـە سـترکتوری شـانۆنامەکاندا شـانۆنامەیەکی تر لەژێرەوە، لە ناوەوە و لەپشت وشەکانەوە دروست دەکات و بەمـەش دیقـەت و ڕوانینێکـی زیاتـر و مەودایەکـی قووڵتر دەبەخشـێتە وچـان و بێدەنگییەکان. هەندێک جـار تەکنیکی بێدەنگی و وچانی دیمەنەکانی، مەخزایەکی سیاسی لەخۆدەگرن: هەمان بۆچوونمان نەبێـت، قایـل نەبوون بە یاسـای گەمەکانـی ئەوانی تـر، هەروەها لەم ڕەوش و هەڵوێسـتانەدا، بێدەنگی دەبێتـە دەروازەیەک بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی دەنگی خۆمان، پێداگرتن لە بوونی خۆمان و وەلاوەنانێکی تەواوەتی ئەوانی تر و هەڵوێستەکانی تر و هەڵوێستن وەرگرتن.

دەیڤس: ڕاستە

## کەمێک وچان

ئەو شتە چییە، چییە بەتەواوەتی؟

(ئەستن دەڕوات بۆ لای پەنجەرەکە و لە دەرەوە دەڕوانێت)

ئەستن: مشاری پێچیی؟ ببینە، شتێکە لە خانەوادەی مشاری بڕەر، بەڵام ئەمە ئامێرێکە کە دەبێت لەسەر درێڵێکی بگوێز دابیەستیت.

دەیڤس: ئۆی، ئەرێ ڕاستە. ئەوە هەر زۆر حازربەدەست دەبێت.

ئەستن: ئەرێ، وایە.

## وچان

دەزانیـت، ئـەو ڕۆژە لە چایخانەیەک دانیشـتبووم. بەڕێکەوت لەسـەر هەمـان مێز دانیشـتبووم کە ئەو ژنـەی لێبوو. ئێ، دەسـتمان کرد ..... دەسـتمان کرد بە هەندێک قسـە، نازانم ... سەبارەت بە پشووگای ئەو، ئەو شـوێنەی کە پشـووی لێدابوو. شـوێنێک لە ڕۆخی باشـوور بوو،

بــەڵام بیرم نایەت لەکوێ. بەهەرحاڵ، هەردووکمان هەر دانیشــتبووین و مەشــغوڵی ئەو تــۆزە دەمەتەقێیە بووین ... و لەپڕێکدا دەســتی هێنا و خســتییە ســەر دەســتم .... و پێی گوتم، پێت چۆنە سەیرێکی لەشت بکەم؟

دەیڤس: دە واز بێنە.

## وچان

ئەســتن: هەر ئاوا لە ناوەڕاســتی قســەی ئاوادا شتی وا گوتن. کەمێک بەلامەوە سەیر بوو.

دەیڤس: شتی وایان بە منیش گوتووە.

**شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەک**

هارۆلد پینتەر دەڵێت ( گوی لە خەڵک بگرە، گوی لەوانە بگرە کە لەکاتی بەرچاییدا باســی چا و ســەموون و پەنیرەکانیــان دەکەن. یان گوێ لە پیرە بێ لانەکان بگرە کە لە قاوەخانەیەکی شەوانەدا دانیشتوون و قسە دەکەن. من هەرگیز لەوە بێزار نابم. ئەو دەمەتەقێیانە لە ســنوورەکانی بێدەنگیــدان.) هارۆلــد پینتــەر ڕاپۆرتەکانی لەو ســنورەوە دەنێرێت بۆ بێدەنگی و دووپاتی ئەو شــتانە دەکاتەوە کە ئێمە بە وتە و بە وشــە بۆ یەکتری باس ناکەین.

## سەراییدار لەنێوان بێدەنگی و گەمەی دەسەڵاتدا

هارۆلد پینتەر وەک لەمەوبەر و لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەندین جار ئاماژەم بۆ کردووە، ناســراوە بەوەی کە زۆر بە جوانی بەرجەســتەی گەمەی دەســەڵاتی کردووە، ئەم گەمەیەس لە ڕوانگــەی دیالۆگێکی بێلایەنەوە دەردەکەوێت و لە گفتوگۆیەکی ئاسایی ڕۆژانەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەموو شتەکان لە بێدەنگیدا ڕوودەدەن و هارۆلد پینتەر زیرەکانە ئەو گەمەی دەسەڵاتە دەخزێنێتە نێو بێدەنگی و وچانەکانەوە. لەو بێدەنگییەدا دەروازەیەکــی کــراوەش بــەڕووی بیــرەوەری و یادەوەرییەکانمانــدا دەکاتەوە، لەو کرانەوەیەدا یادەوەری تاکەکەســی و گەمەی دەســەڵات دەبەستێتەوە بە پانتاییەکی فراوانترەوە، لەو پانتاییەدا یادەوەرییەکانمان بــە کۆمەڵێ گەمەی دەســەڵات و کــرداری توندوتیــژدا تێدەپەڕێت. بۆ

نموونە لە شانۆنامەی سەرایپدار گەمەی دەسەڵات، یادەوەرییەکان لەنێوان دوو برا و لەهەمانکاتدا کەسێکی نەناسراو کە داڵدەیان داوە دروست دەبێت.
بەم سەرەتایە نزیک دەبینەوە لە سترکتور، ڕووداو، پێودانگە درامییەکان و جیهانە تەمومژاوییەکەی شانۆنامەی سەرایپدار1.
شانۆنامەی سەرایپدار باسی سێ کەس دەکات، کرێچییەک، خاوەن ماڵ و شەڕانگێزێکی بێ لانە. کرێچییەکە کەسێکی دڵپاک و یارمەتیدەرە، لەخانوویەکی کۆن و داڕوخاودا دەژی، هەمیشە دڵۆپە دەکا و باران لە پەنجەرەکانییەوە دێتە ژوورەوە. بەزەیی بە شەڕەنگێزەکەدا دێتەوە و داڵدەی دەدا، بەڵام ئەو نایەوێت هیچ کارێک بکات، خاوەنی بەزەیی نییە و پشت ئەکاتە ئەو کەسەی کە لە تەنگانەدا بەهانایەوە چووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەوڵ ئەدات خاوەن ماڵ و کرێچییەکە بەشەڕ بدات و پێگەی خۆی بەو شێوەیە بەهێز بکات، بەڵام لەبەرئەنجامدا ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و دەیکەنە دەرەوە2.
دەیڤس: بەڵام، بەڵام، سەیربکە، ئاخر، گوێ بگرە، مەبەستم ئەوەیە ...
ئەستن (ڕوو دەکاتە پەنجەرەکە): ئەدی ئێستا من ڕوو لە کوێ بکەم؟

**وچان**

چی بکەم؟

**وچان**

بۆ کوێ سەری خۆم هەڵگرم؟

**وچان**

## شانۆنامەی (سەرایپدار) دوا پەردە

هارۆڵد پینتەر سەبارەت بە نووسینی شانۆنامەی (سەرایپدار) دەڵێت ( من دوای ئەوەی شانۆنامەی سەرایپدارم نووسی، خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی دەربارەی دوو برا، لە خەونەکەمدا ماڵەکەم سووتا. هەوڵمدا بزانم کێ ئەم کارەی کردووە، هەموو کۆڵان و قاوەخانەکان گەڕام، دواجار لە شوێنێک چوومە ژوورێک، دوو برای تێدابوو، هی شانۆنامەک بوون. پێمگوتن، کەواتە ئێوە خانووەکەی منتان سووتاند، گوتیان زۆر خەم لە خانووەکەت مەخۆ. گوتم ئاخر من هەموو شتێکم لەو خانووەدا بووە،

ئەوانیش گوتیان باشــە ئێمە قەرەبووت دەکەینەوە. ئاگامان لە تۆ دەبێ – بــرا گەنجەکەیان قســەی دەکرد – یەکســەر دوای ئەمــە چەکێکم بە پەنجا پاوەند نووسی ... چەکێکم پێدا بە پەنجا پاوەند.)

خــەون و خەیــاڵ لەگەڵ واقیع و ژیانی ڕۆژانەی ســێ کەســدا، ســێ کەسایەتی جیاواز، بەڵام هەرسێکیان لەیەک شوێندا، لە یەک کاتدا و لە دەروازەکانــی یەک ڕووداوەوە، ڕووداوەکان دروســت دەکەن، گەمەی دەسەڵات و هاوکێشەکانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکەن. بێگومــان زمــان یەکێکە لــە ئامــرازە گرنگەکانی ئەم گەمەیــە و زمان لەنێــوان وچان و بێدەنگییەکاندا حاڵەتێکی نائاســایی، وروژاو و هەندێ جار ئارامدا دەستەبەر دەکات3.

## کەسایەتییەکان

ســیما، پێودانــگ و بیروهۆشــی کارەکتەرەکانی ئەم شــانۆنامەیە زۆر دوورن لــە یەکترییــەوە، هیچ خاڵێکــی هاوبەش کۆیــان ناکاتەوە و بە تەواوەتی سێ کەسایەتی و سێ جیهانی جیاوازن لەیەکترییەوە.

ئەســتن مرۆڤێکــە زۆر بــە خاوی دەبزوێــت، بە خــاوی بیردەکاتەوە، دڵپاک، لەســەرخۆ و مرۆدۆستە، دالدەی مرۆڤێکی شەڕانگێز و سپڵەی وەک دەیڤس دەدا. ئەســتن هەمیشە بە دەســتەکانی خەریکی کارێکە و هەرچەندە هیچ کارێکی دامەزراوی نییە و تەنها ئاگاداری خانووبەرەی براکەیەتی، کارکردن پێناسی ئەوە و بەدەستوبردە و کەسێکی کردەییە. هەردەم باســی پرۆژەکانــی دەکات و چەندین پلانی هەیــە، بۆ نموونە دروســتکردنی ژوورێــک، بەرزکردنــەوەی دیوارێــک، کرینــی مشــار، داروتەختە .... هتد.

ئــەم کارەکتــەرە بڕوای تــەواوی بەخۆیەتــی و دەزانێ چــی دەکات، هەرچەنــدە هێمــن و لەســەرخۆیە، بەڵام بەهێــزە و دەکرێــت بڵێین لە هەندێ حاڵەتی تایبەتیدا ترسناکە، هەروەها لەگەڵ ڕەوتی شانۆنامەکەدا تێدەگەین کە ئەســتن تووشــی کێشــەی دەروونی گران بووە و ئەقڵ و هۆشیشی زۆر تەواو نییە.

ئەســتن: گرفتەکــە لەوەدابوو کــە دووچــاری خەیاڵگرتوویی دەبووم. خەیاڵگرتووییــش نەبــوو، هێــن بوو، تووشــی ئەو هەســتە دەبووم کە

پێموابــوو شــت دەبینم .... بەڕوونــی، هەموو شــتێک ... وا ڕوون بوو. هەموو شتێک ... هەموو شتێک .. هەموو شتێک بێدەنگ دەبوو...

**شانۆنامەی (سەرابیدار) پەردەی دووەم**

دەیڤــس کەســێکی ســپڵە، توندوتیژ، شــەڕانگێز، بی لانــە و بێ کارە و بــە کەڵکی هیچ کارێکیش نایەت، هیچ کارێکی پێهەڵناســوڕێت، ئەســتن لەدەســت چەند کەســێک ڕزگاری دەکات و لەلای خۆی داڵدەی دەدا و جێــگای دەکاتەوە، بەڵام بەم داڵدەدانە ڕازی نابێت و هەمیشــە زیاتر و زیاتری دەوێت. هەوڵ دەدات نێوانی ئەســتن و مایکی برای تێک بدات، لەگەڵ هەردووکیان گەمەی دەسەڵات دەکات.

دەیڤــس بــە پێچەوانەی ئەســتنەوە، مرۆیەکی خێرا و بە دەســتوبردە، هەمیشە لەباری بەرگری و شالاودایە، زۆر ئەڵێت، بەبێ ئەوەی شتێکی دیاریکراو باس بکات، قسەکانی بێ سەروبەرە و بە ئاسانی پشت دەکاتە ئەو کەسەی کە ساتێ لەوەوبەر دەستی یارمەتی بۆ درێژکردووە.

مایک برای ئەســتنە، خاوەنی ماڵەکەیە، هەر زۆر زوو دەزانێت دەیڤس چ بیچم و کارەکتەرێکی هەیە، گەمەی دەسەڵاتی لەگەڵ دەکات، هەندێک جــار دەیوروژێنێــت، هەندێــک جــار پێگەیەکــی ئەداتێ و لەپڕ پشــتی تێدەکاتــەوە. مایــک بەهێزە و خاوەنی دەســەڵات و سەرمایەشــە و بە شێوەیەکی تاکتیکی لەنێوان ئەستن و دەیڤسدا گەمە دەکات.

## هێزی دیالۆگەکان

هارۆڵد پینتەر دیالۆگی شانۆنامەکەی لەسەر ئاستێکی بەرز، بە سەلیقە و هەستێکی ورد دارشــتووە و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئاستەکانی زمــان تێکــەڵاو دەکات، زمانێکــی ڕوون و ئاشــکرا، زمانــی ڕۆژانــە، دیالێکــت، زمانی توێژەکانی خــوارەوەی کۆمەڵگا و ئەو کەســانەی کە زمان وەک زمانی کەســێکی رۆشــنبیر، لایەنە بەهێزەکەی ژیانیان نییە و بڕوانامــە و خوێندنیــان تــەواو نەکــردووە و ئەوەش بــە ڕوونی بە زمانی بەکارهێنراوی کەســایەتییەکانیانەوە، بەتایبەتیش دەیڤس دیارە. بەڵام لەڕووی تەکنیک و شــێوازەوە، وەک زوربەی شانۆنامەکانی تری هارۆڵد پینتەر لەســەر بنەماکانــی دووبارەبوونەوە، دووبارەبوونەوەی

ڕستە، وشە و بەشەکانەوە پێکهاتووە.
دەیڤس: دەیڤس لە پارچە تەختەکان دەڕوانێت
ئایا خەریکی دروستکردنی شتێکیت؟
ئەستن: ڕەنگە هۆدەیەک دروست بکەم.
دەیڤس: دارتاشیت؟
تەماشایەکی (مەکینەی) چیمەنبڕەکە دەکات.
چیمەنت هەیە؟
ئەستن: خۆت بڕوانە.
ئەستن: ساکی لای پەنجەرەکە بەرز دەکاتەوە. هەردووکیان لە دەرەوە دەڕوانن.
دەیڤس: کەمێک چڕ دیارە.
ئەستن: زێدە شین بووە.
دەیڤس: ئەوە چییە، حەوزە؟
ئەستن: بەڵێ.
دەیڤس: چیت هەیە، ماسی؟
ئەستن: نا، هیچی تێدا نیە، بەتاڵە.

**وچان**

دەیڤس: ئەو هۆدەیە لەکوێ دروست دەکەیت؟
ئەستن: ڕووی تێ دەکا.
جارێ دەبێ باخەکە خاوێن بکەمەوە.
دەیڤس: جا کابرا خۆ تەراکتۆرێکت پێویستە
ئەستن: خاوێنی دەکەمەوە.
دەیڤس: کاری دارتاشی، ها؟
ئەستن: بێجووڵە ڕادەوەستێت
حەزدەکەم ... کار بە دەستەکانم بکەم.

**شانۆنامەی (سەرایيدار) پەردەی یەک**

دیالۆگەکان بەردەوام لە خاڵێکەوە، لە باسێکەوە دەچێتە سەر خاڵ و باسێکی تر، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خاڵ و باسی یەکەم، ئەم مەسەلەیەش لە دیالۆگەکانی نێوان ئەستن و دەیڤس دا بە ئاشکرا

دەبینرێـت. هەروەهــا دیالۆگەکان تــەواو ناکرێن، رســتەکان ناتەواون، یــان بەبێ تەواوکردنــی دەبڕێت و مەودایەکی تر، یــان ڕێچکەیەکی تر لەخۆدەگرێت.
دەیڤس: ئەو هاوڕێیەم لە شــێپەردس بوش هەیە، لە شۆردنگاکە. بەڵێ، ئەو لە شۆردنگاکە بوو، باشترین شۆردنگایان بەڕێوە دەبرد.
ئەوجا لە ئەستن دەڕوانێت.
باشــترین دانەیــان بەڕێوە دەبرد، هەمیشــە لەتە ســابوونێکی دەدامێ، هەرجارێــک بچوومایە. ســابوونی زۆر باش. پێموایە دەبێت باشــترین ســابوونیان هەبێت. هەرگیز بێ ســابوون نەدەبووم لەوێ، هەر کاتێک لەو ناوە بوومایە و لە قاپی شــێپەردس بوشم بدایە، پارچە سابوونێکم دەست دەکەوت.
ئەستن: (جووتێک کەوش بە دەستەوە لەبن تەختەکە دێتەدەر)
جووتێکی قاوەیی.

## شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەک

هارۆڵــد پینتەر توانیویەتی ، ئەتمۆســفێر و کەشــێکی ئاڵــۆز، پڕ لە ڕاز و نهێنــی و نادیــار لــە شــانۆنامەکەدا بخوڵقێنێ، بینەر لــە چاوەڕوانی ئــەوەدا نییە کــە لە دیمەنی داهاتــوودا چی ڕوودەدات، لــە چاوەڕوانی ساتە یەک لەدوای یەکی نەمیشەکەشدا نییە، وەک لە زوربەی شانۆنامە کلاســیکی و تەقلیدییەکاندا پێــڕەو دەکرێت. لەم شــانۆنامەیەدا هارۆڵد پینتەر دەتبەستێتەوە بە ساتەکانی ئێستاوە، واتا بەو ساتەی دیمەنەکەی تێدا ڕوودەدات و بەو شــێوەیە چ بینەران یاخود خوێنەر لەگەڵ ســاتە چاوتروکاندنەکانی شانۆنامەکەدا دەژی. بینەران دەیانەوێت ئێستا، لەگەڵ دیالۆگی یەکەم، هەڵسوکەوتێکی ئەو کات وساتەی کەسایەتییەکان، لەگەڵ کوژاندنەوەی ڕووناکی و دەرگاکردنەوەیەکدا بزانن چی ڕوودەدات.
که شانۆنامەکە دەست پێدەکات، مایک بەتەنها لە ژوورەکەیدایە، ساتێک بەتەنهــا دەمێنێتەوە، گوێمان لە دەنگی پێی کەســانێکی ترە لە دەرەوە، مایک خێرا و دەسبەجێ و بە هێمنی دەچێتە دەرەوە و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخات.
دوای ئەوە ئەســتن و دەیڤس دێنە ژوورەوە: کەســی یەکەم بۆ چووە

دەرەوە؟ ئـەی ئـەم دوو کەسـەی کـە دینـە ژوورەوە کێـن و لەکوێ یەکتریـان بینیوە و لەکوێوە هاتوون؟ ئەمانە و چەندەها پرسـیاری تر، لەگەڵ سەرەتاکانی، ساتەکانی شانۆنامەکە دروست دەبێت4.

بەکورتـی شـانۆنامەکە مەسـەلەی مـرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دەخاتەڕوو، خاڵێکی گەوهەری شـانۆنامەکەش کە زۆر گرنگە ئاماژەی بـۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەسـتن لە کۆتایی بەشـی دووەمدا، مەنەلۆگێکی دووروودرێـژی ناتەبـا، جیـاواز لەڕووی شـێوە و ناوەڕۆکـەوە، نامۆ، گرنگ و بەهێز بەرجەسـتە دەکات. مەنەلۆگەکە لەسەر ئاستێکی بەرزە، بینـەر ڕووبـەڕووی بیرکردنەوە و ڕامان و گومـان دەکاتەوە، هەموو یاسـا کۆمەڵایەتی، سیاسـی، دەروونـی و مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵگا و شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەخاتە بەردەم گومان و تاوانەوە.

لەم مەنەلۆگەوە تێدەگەین کە ئاستن لە نەخۆشخانەی ئەقڵیی توندکراوە و دواتریش نەشتەرگەرییەکی قورسی بۆ کراوە.

ئەستن: شەوێکیان. من دواترین بووم. بە تەواوی چاوم لێ بوو چییان لەوانەی دیکە دەکرد. بۆیشیان دەلووا وا بکەن. نازانم چی بوون.... ئەو شـتانە لە موکیشـی گەورە دەچوون کە وایەریان پێوەبوو، وایەرەکان بە ماشـێنێکی بچووکـەوە بـوون. ئەلەتریکیی بوو. کەسـەکەیان توند پـاڵ دەخسـت و دەیانگـرت، و سـەرۆکەکەش، سـەرۆکە دکتۆرەکـە، موکێشـەکانی، شـتێک بوون هەر دەتگوت گوێشـەی بیستنن، دەخستە سەر ئەملاوئەولای کەللەسەری کەسەکە. پیاوێک ماشینەکەی بەدەستی هەڵدەگرت، دەبینێت، و پاشـان دای دەگیرسـاند. ئەوجا سەرۆکەکەیش ئەو موکێشەی دەخستە سەر کەللەسەری کەسەکە و لەوێدا دایدەنا.

## شانۆنامەی (سەرایبدار) پەردەی دووەم

لە نەخۆشخانە نەشـتەرگەریی لە مۆخ و کەللەسەری ئەستن دا کراوە، هەر لە بەرئەنجامەکانی ئەو نەشـتەرگەرییەوە تووشـی خاوی بووە لە بیرکردنەوەدا، نایەتەوە یادی کە لەوەوبەر باسـی چی کردووە و بیری لە چی کردۆتەوە.

## تەکنیکی شانۆنامەکە

شـــانۆنامەکە بریتییە لە ســـێ پەردە، پەردەکان دابەش نەکراون بەسەر دیمەن و بەشی بچووکی تردا، لەگەڵ ئەوەشدا بەشەکان لەیەک زەمەنی دیاریکراودا ڕوونادەن. هارۆڵد پینتەر بۆ ئەوەی کاتە جیاوازەکان لەیەک بەشدا دیاری و جیاکاتەوە، لە دیمەنێکەوە بچێتە سەر دیمەنێکی تر، پەنا دەباتـــە بەر بەکارهێنانی تەکنیکی (تاریکی). بۆ نموونە لە شـــوێنێکدا، لە پەردەی یەکەمدا، بەم شێوەیە کات و ڕێچکەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت.

ئەستن دادەنیشێت و خەریکی پلاکەکەیە.

ڕووناکییەکە کەم دەبێتەوە. تاریکی.

ڕووناکییەکان پێ دەبن. بەیانییە.

بـــەڵام کە پەردەی یەکـــەم تەواو دەبێت، ئـــەوا پـــەردە دادەدرێتەوە، لە پەردەی دووەمیشـــدا، بەم شێوەیە دیمەنەکە دەگۆڕێت، بەهەمان شێوە زەمەنیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

### بێدەنگی

گڵۆپەکان لە کزییەوە بەرەو خامۆش بوون دەچن.

لە پەنجەرەکەوە ڕووناکی گڵۆپێکی کز دێتە ژوور.

دەرگایەک زرمەی دێت.

دەنگی کلیلێک لە دەرگای ژوورەکەدا.

دەیڤس دێتە ژوور، دەرگاکە دادەخات، ســـویچی گڵۆپەکە تاقیدەکاتەوە، پێ، خامۆش، پێ، خامۆش.

بەهەمان شێوە لە پەردەی سێیەمدا، بەم شێوەیە گۆڕانکاری لە زەمەنی ڕووداوەکاندا دەکات.

### تاریک دادێت

شـــەوە. ئەســـتن و دەیڤس هەردووکیان لەناو جێـــگادان. دەیڤس بەدەم خەوەوە دەناڵێنێت.

دوای ئـــەم گۆڕانکارییـــەش، بەم شـــێوەیە بەرەو کۆتایی شـــانۆنامەکە دەڕوات.

دەیڤس دەچێتەدەر، ئەستن دەوەستێت.

### تاریک دادێت

ڕووناکی. سەرلەئێوارەیە.

لەسەر پلیکانەکان دەنگ دێت.
مایک و دەیڤس دێنە ژوور.
ئەم گۆڕانکارییەش لەڕوانگەی ڕووداوەکان، هەڵسوکەوت و جوڵانەوەی کەسایەتییەکانەوە دیاریدەکرێت.
ئـــەم تەکنیکەش هارۆڵد پینتەر دایهێناوە و بەم شـــێوەیەش بەتەواوەتی یەکـــەی کاتـــی وەلاوە ناوە، هەرچەنـــدە پابەندە بە یەکەی شـــوێنەوە و هەموو ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لەیەک شوێندا، لە ژوورەکەی ئەستن دا ڕووئـــەدەن. لەو دەمەدا شانۆنامەنووســـەکان کـــەم و زۆر پەیڕەوی یەکە کلاســـیکییەکان، یەکەی کات، شـــوێن و ڕوداویان دەکرد و هارۆڵد پینتەر ئەو یەکانەشی بەتەواوەتی تێکشکاند.
بەکارهێنانی تەکنیکی تاریکی و بەم شێوەیەش جیاکردنەوەی دیمەنەکان و دەستنیشـــانکردنی زەمەن و ڕووداوەکان، تا ئێستاش بەکاردەهێنرێت و شانۆنامەنووسەکانیش هەریەکە و بەپێی ڕیتم و چۆنییەتی و شێوازی شانۆنامەکانیان، تاریکی و ڕووناکی بەکاردەهێنن.

# پەراوێزەکان

1. هارۆڵد پینتەر شـــانۆنامەی (ســـەرایپدار) ی لە ســـاڵی 1960 دا نووســـیوە. سەرایپدار ســـەرکەوتنێکی گەورە بەدەســـت دێنێت و هارۆڵـــد پینتەریش دەبێتە یەکێـــک لە گرنگترین نووسەرانی شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی و جیهانیش. شانۆنامەی سەرایپدار بۆ یەکەم جار لە ســـاڵی 1960 دا و لەسەر شـــانۆی Theatre Arts The لە لەندەن نەمایشکراوە. هەر لەو ســـاڵەدا شانۆنامەی سەرایپدار هەڵدەبژێردرێت بە باشترین شانۆنامەی ساڵ، هەروەها تێکڕا ڕەخنەگرەکانی بەریتانیا، ئەو شـــانۆنامەیە دادەنێن بە یەکێک لە باشترین شانۆنامەکانی سەد ساڵی ڕابردوو.

2. هارۆڵد پینتەر دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە هیچ شوێنێک نییە مرۆڤ بتوانێت خۆی تێدا حەشـــار بدات، دونیای دەرەوە بە هەموو هێزە جیاواز و خۆســـەپێنەرەکانییەوە هەڕەشـــەمان لێدەکات و ڕاومان دەنێت، لەهەمانکاتدا هێزە ترســـێنەرەکانی دنیای دەرەوە دەمانخزێنێتەوە ژوورە داخراوەکان، بەڵام هەڕەشـــەکان دەگەنە ئەوێش و جارێکی تـــر هەڵاتن و وەدەرنان و ڕاوەدوونان دەبێتەوە بە چارەنووسی مرۆڤ.

3. خوێنەر بۆ زیاتر قووڵ بوونەوە و شـــارەزابوون لە شـــانۆنامەی (ســـەرایپدار)، دەتوانێت ئەم شـــانۆنامەیە بەتەواوەتی بخوێنێتەوە. بڕوانە زنجیرەی شـــانۆی بیانی، ژمارە 17: سەرایپدار، نووسینی هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕێبوار ڕەشید، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ساڵی 2008.

4. ئەم فۆرم و زمان و ئەتمۆسفێرە تازەیە، هارۆڵد پینتەری گەیاندە ئاستێکی بەرز و شانۆنامەی (سەرایپدار) یش ناوبانگێکی جیهانی بەدەست هێنا، ڕەخنەگری بەناوبانگی ئینگلیزی (هارۆڵد هوبســـون) دوای ئەوەی شانۆنامەی سەرایپدار بۆ یەکەم جار لە لەندەن نەمایش دەکرێت، دەڵێت (ئەم شـــانۆنامەیەم دوو جار بینیوە، هەوڵ دەدەم بە زووترین کات جارێکی تریش بیبینم، دوای ئەوە بۆ جاری چوارەم دەیبینم، جاری پێنجەم و .....)

بـــەڵام هەروەک لەوەوپێش وتم: مرۆڤ هەرگیز نابێت واز لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا بهێنێ. هەرگیز ناکرێت ئەو گەڕانە دوابخرێت، ناکرێت بخرێتە ڕۆژی دواتر. دەبێت مرۆڤ یەکاویـــەک ڕووبەڕووی ببێتەوە، بەبێ دواکەوتن.

**هارۆڵد پینتەر**

## تێبینی:

ئەو دیمەنانەی کە لە شـــانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر، وەک نموونە و بۆ زیاتـر ڕوونکردنەوە و بەڵگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارم هێناون، بریتین لە:

1. گەڕانەوە بۆ نیشتمان، وەرگێڕانی لە سویدییەوە دانا ڕەووف
2. خۆڵەمێش، وەرگێڕانی لە سویدییەوە دانا ڕەووف
3. لە چاوەڕوانی وێلسۆندا، وەرگێڕانی لە سویدییەوە دانا ڕەووف
4. زمانی چیا، وەرگێڕانی لە سویدییەوە دانا ڕەووف
5. سەرابیدار، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕێبوار ڕەشید

## سەرچاوەکان


### بە سوێدی:

1 .Tolv gånger Harold Pinter ,Ersatz2005 ,
2 .Nio gånger Harold Pinter ,Ersatz2005 ,
3 .Tiden och teatern ,3 Europa ,av Karl Gustav Asplund ,Kimpress2002 ,
4 .Engelska bildar -mest om teater ,av Olof Lång, Sveriges Radios förlag1966
5 .Hemkomsten ,Dramaten1993 ,
6 .Hemkosten ,Stockholmsstadsteater2006 ,

### بە ئینگلیزی:

1 .The Life and Works of Harold Pinter ,by Michael Billington

### بە کوردی:

1. بە تورەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە ..! نووســـینی: جۆرج ئۆزبۆرن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن .1986
2. سەراییدار، نووســـینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار ڕەشید، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە 17، دەزگای ئاراس، 2008.
3. ژوورەکە، خوێندنگای شەوان، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، عەلی عوســـمان یاقـــووب، زنجیرەی شـــانۆی بیانی، ژمـــارە 23، دەزگای ئاراس، 2009
4. کاتە بەســـەرچووەکان، ناپاکی، دیمەنێکی سروشـــتی، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانـــی لە ئینگلیزییـــەوە: فاروق هۆمەر، زنجیرەی شـــانۆی بیانی، ژمارە 28، دەزگای ئاراس، 2009.
5. ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب، دەزگای سەردەم، 2008.

# ئەلبومی وێنەکان



دایکو باوکی هارۆڵد پینتەر لەکاتی زەماوەنددا ساڵی ١٩٢٦



هارۆڵـد پینتەر لەگوندێکـی دوورە دەسـت لەکاتـی جەنگـی جیهانـی دووەمدا ساڵی ١٩٤٠




هارۆڵـد پینتـەر لەگـەڵ باوکیـدا
ساڵی ١٩٤٦



هارۆڵـد پینتـەر ڕۆڵی
ماکبێـس دەبینێـت
لەقوتابخانەکەیانـدا
ساڵی ١٩٤٧



هارۆڵـد پینتەر لەیەکێـک لەگەشـتە هونەرییەکانیدا لەوڵاتی
ئایرلەند ساڵی ١٩٥٢



هارۆڵد پینتەرلەیەکێک
لەگەشتەکانیدا ساڵی
١٩٥٢




هارۆڵد پینتەر لەشانۆنامەی ئۆتێللۆدا
ساڵی ١٩٥٢



یەکێک لەو گروپە شانۆییانەی کە هارۆڵد پینتەر کاری لەگەڵ کردووە، پینتەر لەلای راستەوە لەسەر کورسییەک دانیشتووە، ساڵی ١٩٥١



هارۆڵد پینتەر بە گەنجی لەشانۆنامەی (ئەسپیک، ئەسپیک) ساڵی ١٩٥٤



دیمەنێک لەشانۆنامەی سەرایبدار، نیویۆرک ساڵی ١٩٦٢



دیمەنێک لەشانۆنامەی سەراییدار لەتۆکیۆ ساڵی ١٩٦٧




دیمەنێک لەشانۆنامەی سەراییدار لەپاریس، ساڵی ١٩٦٩



هارۆڵــد پینتــەر لەگــەڵ ڤاســلاف هاڤیل ســەرۆکی وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا، ساڵی ١٩٨٨




هارۆڵد پینتەر
لەگەڵ شاعیرێکی
نیکاراگوا ساڵی ١٩٨٧



هارۆڵد پینتەر لەشانۆنامەی دوا شریتی کارب لەسەر شانۆی رۆیاڵ کۆرت، ساڵی ٢٠٠٦



هارۆڵد پینتەر لەبەردەم دەرگای ماڵەکەی خۆیدا لەلەندەن کە هەواڵی پێبەخشینی خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا، ساڵی ٢٠٠٥



هارۆڵد پینتەر ساڵی ٢٠٠٥

# زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی گۆڤاری شانۆ

١. زانستی دەنگو ئاخافتن، نووسینی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٦.
٢. سەردنپاڵ، نووسینی: د. خەزعەل ئەلماجدی، وەرگێڕانی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٧.
٣. چەپكێك دەقی شانۆیی، كۆمەڵێك نووسەر، ٢٠٠٧.
٤. شانۆی كوردی، ئەرشیفو تێكست، نمایشو بینەر، نووسینی: یاسین قادر بەرزنجی، ٢٠٠٧.
٥. شانۆی كوردی لەنێوان دەقی خۆماڵیو بیانیدا، نووسینی: د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، ٢٠٠٧.
٦. ئەزموونكاری لەشانۆدا، ئامادەكردنو وەرگێڕانی: شۆڕش محەمەد حسین، ٢٠٠٧.
٧. دەروازەیەكی رەخنەیی درامای نوێی كوردی، نووسینی: محەمەد تەیمور، ٢٠٠٨.
٨. تەوژمەكانی نوێگەری لەشانۆی جیهانیدا، نووسینی: بورهان قەرەداخی، ٢٠٠٨.
٩. شانۆگەریی باخ، نووسینی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٨.
١٠. اسئلة الحداثة في المسرح، یاسین النصیر، ٢٠٠٨.
١١. میناو دوو شانۆگەریی وەرگێڕدراو، نووسینو وەرگێڕانی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٩.
١٢. شانۆو دەرهێنان، وەرگێڕانی: رەزا مەنوچەهری، ٢٠٠٩.
١٣. مەشقە سەرەتاییەكانی ئەكتەر، گەزیزە، ٢٠٠٩.
١٤. رەوتە نوێگەرییەكانی شانۆی جیهانی، بورهان قەرەداخی، ٢٠٠٩.